

## سەلاح محەمەد:

# وراتی کۆیە هونەرێکی تایبەتی هەبووە کە لە هونەری شارەکانی دی جیاوازە.. ئێستاش توانج و قسەی نابەجێ لەسەر هونەرمەند و گۆرانیبێژان دەکرێن.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٤ - ٥)

* هونەرمەند سەلاح محەمەد ئیبراهیم کۆیی، کە لەناو خەڵکیدا بە سەلاح محەمەد ناسراوە، منداڵانی کوردیش بەهۆی کلیپەکانی بۆی کردوون، بە مام عەولا دەیناسن و ئەو نازناوەی وەرگرتووە. ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژێکی ڕوحسووک و لەبەر دڵانە، لە هەر کۆڕ و مەجلیسێکدا ئامادە بێ، دەبێتە گوڵی ئەو دانیشتنە و بە دەنگە خۆشەکەی کە مۆرکی گۆرانی و مۆسیقای دەڤەری کۆیەی پێوەیە، یان بەهۆی گۆرانییە ڕەسەنەکانی، سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لەبەر ئەوەی زۆر کۆشیعر و دیوانی شاعیرە کۆن و نوێیەکانی خوێندووەتەوە، شیعری زۆر ناوازە و دەگمەن و دانسقە بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژێرێ. لە پای ئەوەی زۆر گوێی لە ئاواز و میلۆدییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی گرتووە، بۆیە قوڕگ و دەنگێکی ڕەسەنی هەیە و ئاوازی ڕەسەن نەبێ نایڵێ و بە قوڕگیدا تێناپەڕێ، وێڕای ئەوەش لە هەڵبژاردنی ئاواز و میلۆدییەکانی زۆر ورد و بە سەلیقەیە، ئەوەی لەگەڵ چڕین و قوڕگی ئەو نەگونجێ، خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

* لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە، زۆر منداڵ بووە کە بووەتە جێی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی پۆلی یەک و دوو و سێ، بۆیە لەو پۆلانەدا بەردەوام دەریان هێناوە و سروود و گۆرانییان پێ گوتووە و مامۆستایان: بیلال بەهائەددین و باکووری زۆر بایەخیان پێ داوە و پەلکێشی نێو دنیای هونەریان کردووە. لەگەڵ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی، لە ساڵی ١٩٥٩، م. باکووری بە دوایدا دەنێرێ تا بچێتە پاڵ

تیپەکەیانەوە کە خۆی سەروکاری کردووە، هەر ئەوکاتەش کە تەمەنی لە (١٢) ساڵان تێنەپەڕیوە، بە (گۆرانیبێژ) وەری دەگرن، لەو ساڵەوە لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی وەک: (سێوە) و (باکووری) و (عەدنان جەمال)، لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و ئاهەنگەکاندا بەشدار بووە.

* تیپی باواجی کۆیە تا ساڵی ١٩٦٣ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای ئەو ساڵە، بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە شاری کۆیە شڵەقاوە و سیاسەتی ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕیان لەگەڵ پەیرەو کردووە، لەو ساڵە بەدواوە چرای هونەر لە شارەکەدا دەکوژێتەوە، لە سەرینی ئەو ناسەقامگیرییەوە م. باکووری کۆیە بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شاری هەولێر، لەولاشەوە زاهیر محەمەد و مەلا ئەنوەر تاهیر بۆ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەرەو بەغدا دەڕۆن، بەم جۆرە ئەندامانی تیپەکە پەرتەوازە دەبن، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ کە تیپەکە دەبووژێتەوە و دەکەوێتەوە چالاکی نواندن، ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٧٢، یەکەم گۆرانی لەگەڵ ئەو تیپە، بۆ ئێزگە و تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار دەکات، ئەو گۆرانییەی بەناوی (بازان باز قەتار، قولینگان هەوایی) بوو، کە لەبیرمە پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرا.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد لە ساڵی ١٩٧١، بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە شارۆچکەی گەڵاڵە، کە ئەوکاتە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە بارەگای هێزی باڵەک بووە، لیژنەیەک بۆ ئەو یادە نەتەوەییە پێک دەهێنن، بەرپرسەکان بەبێ ئاگاداری خۆی، کردبوویانە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، چونکە زانیویانە هونەرمەندە و دەنگی خۆشە و گۆرانی و سروود دەزانێ، هەرچەندە خۆی زوو هەستی کردووە نەبوونی تیپێکی مۆسیقا لەو ناوچەیەدا کەلێنێکی گەورەیە، بۆیە


سەلاح محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

ئەو ساڵە بۆ ڕاییکردنی یادکردنەوەکە کۆرسێکی باش لە قوتابیانی پۆلی (٥) و (٦)ی سەرەتایی دروست دەکا، کە زۆربەیان کەسانی دەنگخۆش و بەهرەدار بوون، ئەو تیپە کە ناوی نەبووە، بە هەموو کەموکوورییەکانییەوە توانیویەتی بەبێ مۆسیقا، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر، سەرکەوتووانە کارە هونەرییەکانی پێشکەش بکا، کە تا ئەمڕۆش هەندێ لە ئەندامانی ئەو تیپە و کۆرسەکەی ماون.

* ساڵی ١٩٧٢ کە وەزیفەکەی بۆ شاری کۆیە دەگوێزرێتەوە، بووەتە بەرپرسی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆریی لاوان، کە سەر بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٦- ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تێهەڵدەچێتەوە، هەر لەو ساڵانەدا (٣) گۆرانی بەناوەکانی: (خەجێ، جوانیی کوێستان، درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە) تۆمار دەکات، ئەو گۆرانیانەش کە لە ئامادەکردنی هونەرمەند وریا ئەحمەد بوون، بە فراوانی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە وێردی سەرزاران. ساڵی ١٩٩١ گۆرانی (ئەوە هات، کە من هۆگر بە تۆ بووم) و سروودەکانی (لاوەکان، گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی، وڵاتی من کوردستانە، مەقام و سروودی هەی لێ لێ وەی لۆلۆ)ی تۆمار کردووە، کە دوانیان هۆنراوەی خۆی و ئەوانی دی هۆنراوەی

هێمن و عەونی و لالۆ ڕەنجدەر بوون، خۆشی ئاوازی بۆ داناون، هەر ئەوکاتە لەگەڵ تیپی باواجی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەشداری چەندان فیستیڤاڵی گۆرانی کردووە. ساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی بە ناوەکانی (مانگەشەو) و (بەناز دێ) پێشکەش دەکا، یەکەمیان ئاوازی زاهیر محەمەد و دووەمیان ئاوازی فۆلکلۆر بوو. دوای ڕاپەڕین لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بەناوی (وەرزی مەقام) بە سی دی CD، هەشت تراک بڵاو دەکاتەوە.

* لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕوو دەکاتە خزمەتکردنی هونەری بێنازی منداڵانی کورد، بۆ ئەو مەبەستە تیپێک بەناوی (تیپی مۆسیقای سۆمای منداڵان) دادەمەزرێنێ، دوای ئەوەی هەست دەکا منداڵانی کورد هونەری تایبەت بە دنیای خۆیان زۆر کزە و پشتگوێ خراوە، هەر ئەو ساڵە یەکەم بەرهەمی بۆ منداڵان بەناوی (دێوەرە) تۆمار دەکات. ئەم هونەرمەندە تا ئەمڕۆ لە کارکردن بۆ منداڵە چاوگەشەکان بەردەوامە، نزیکەی (٢٠) کلیپی بۆیان بەرهەمهێناوە، ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەیەوە، ناوی مام عەوڵا لەناو منداڵانی کورد لە سەرتاپای کوردستان بووەتە ناوێکی درەوشاوەی ناسراو و ئاشنا پێیان، تەنانەت گەورەکانیش گوێی لێ دەگرن و چێژ لە کار و بەرهەمەکانی بۆ منداڵان بەرهەمی هێناون.

* مام عەوڵا وەک هونەرمەندێکی هۆشیار، بۆ ئێستا و ئایندە، هەستی بە دەوری گرنگی منداڵان کردووە، بۆیە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە هەموو توانایی هونەریی خۆی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەو سۆنگەیەوە بایەخێکی تایبەتی بە هونەرەکەیان داوە و کاتێکی زۆری بۆ داناون تا بە بەردەوامی منداڵە ئازیزەکانمان بەسەر بکاتەوە. ئەگەر گۆرانی بە گشتی، گۆرانی منداڵانیش بە تایبەتی، لە (٣) کۆڵەکەی گرنگ و سەرەکی پێکهاتبێ کە بریتین لە (شیعر، ئاواز، چڕین = گوتن)، ئەوە بەهۆی سەرکەوتنی ئەو (٣) ڕەگەزەوە، منداڵان ڕاستگۆیانە پێشوازییان لە هونەرەکەی مام عەوڵا کردووە، بۆیە خێرا گۆرانییەکانی لەبەر دەکەن و دەیڵێنەوە. هەر کاتێک هونەرمەندی بواری منداڵان ئاستی کارە هونەرییەکەی خۆی بە بەرزی ڕاگرت و وەک هونەرێکی پاک و باڵا هێشتییەوە، بێگومانین (٣) ڕەگەزە گرنگەکەی سەرکەوتنی کارەکەی بە جوانی بەجێ گەیاندووە، ئەوکاتە دەتوانێ هزر و بیر و هۆشیاریی منداڵان گەشە پێ بدات و کارێکی ئەوتۆ بکا منداڵان هونەرەکەیان خۆش بوێ، بۆیە ئەو منداڵانە لەگەڵ منداڵانی دی جیاوازتر و هۆشیار و چاوکراوەتر دەردەکەون.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد وەک کوردێکی خاوێنی خاوەن هەڵوێست، هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، پشتگیری لە شۆڕش کردووە و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی پارتی و تا ئەمڕۆ لەو بیروباوەڕەی خۆی دانەبڕاوە، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، دوای دەرچوونی بڕیاری گرتنی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەوە، ڕووی کردووەتە شاخ، سەرەتا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردووە، لە بارەگای هێزی باڵەک بووەتە نووسەر، تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی چۆمان بە نووسەر دامەزراوە، دوایی بۆ شاری کۆیە گوێزراوەتەوە.

* ئەم هونەرمەندە بێجگە لە گۆرانیگوتن، حەزی لە کاری شانۆییش بووە، ساڵی ١٩٧١ کە ویستوویانە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە ئاهەنگەکەیاندا شانۆیی کاوەی ئاسنگەر پێشکەش بکەن، سەرەتا سەردار بێ بەخت ڕەواندزی ویستوویەتی شانۆییەکە

دەربهێنــی، بــەڵام ئــەو و ســەلاح محەمــەد و ئەکتــەر و بەشــداربووەکانی شــانۆییەکە، کــە مامۆســتا و قوتابــی و کەســانی دانیشــتووی شــارۆچکەی گەلاڵــە بــوون، هیــچ کامێکیــان ســەریان لــە کاری شــانۆیی و دەرهێنــان دەرنەچــووە، بۆیــە هــەر لــە ســەرەتاوە هەســتیان بــە لاوازی و کەموکورییەکانی کارەکەیــان کــردووە، کاتــێ لــە قوتابخانــەی ســانەویی گەلاڵــە پرۆڤــە دەکــەن، لــە پــڕ کەســێک خــۆی بــە هۆڵــی قوتابخانەکــەدا کردووە، کە ســەیری پرۆڤەی شــانۆیی کاوەی ئاســنگەری کــردووە، پێیــان دەڵــێ ئــەو کارەتــان بــۆ نمایــش زۆر لاوازە، ســەلاح محەمەدیــش ڕاشــکاوانە پێــی دەڵــێ ئــەوان هیــچ لــە دەرهێنانــی شــانۆیی نازانــن، ئەویــش پێیــان دەڵــێ ئەگــەر بۆتانــی ڕێــک بخــەم و جوانــی بکــەم پێتــان چۆنــە؟ ئــەو خۆشــحاڵی خــۆی بــۆ پێشــنیارەکەی دەردەبــڕێ و بــۆ ئــەو دەستپێشــخەرییەی ســیاســی دەکا، تەنانــەت داوای لــێ دەکات خۆشــی لــە شــانۆییەکەدا بەشــدار بــێ، بۆیــە دوای دوو ڕۆژ ماندووبــوون شــانۆییەکەیان بــۆ دەردەهێنــێ و خۆشــی دەوری کاوەی ئاســنگەری تێــدا دەگێــڕێ، لــە تــەک شــانۆییەکەدا شــیعرێکی کوردانــەی پــڕ جۆشوخرۆشــیش دەخوێنێتــەوە.
ســەردار بــێ بەخــت کــە دەیویســت دەری بهێنــێ، دەوری (زوحــاک)ی تێــدا دەگێــڕێ، بــەم شــێوەیە زۆر ســەرکەوتووانە شــانۆیی کاوەی ئاســنگەر نمایــش دەکرێ، تەنانــەت بینــەران و ئامادەبووانــی ئاهەنگەکــە وا دەزانــن ڕووداوەکان ڕاســتین و لەپێش چاوی ئەوان ڕوو دەدەن، لەپــاش ئــەوەی ئــەم هونەرمەندەمــان بــۆ ئــەو گیانــی لەخۆبوردوویــی و هــاوکاری کردنــەی ســیاســی دەکات، لێــی دەپرســێ تــۆ لــەو نــاوە چ کارەی؟ ئەویــش پێــی دەڵــێ مــن مامۆســتام و لــە گونــدی (دێڵــزێ)ی باڵەکایەتــی دامــەزراوم و نــاوم (حەمەڕەشــید هەرەس)ــە، ئێســتا و ئێســتاش ســەلاح محەمــەد مــەراق لــەوە دەخــوا کــە لــەو ڕۆژەوە تــا ئەمــڕۆ چــاوی بــە چــاوی ئــەو هونەرمەنــدە نەکەوتووەتــەوە، تەنیــا لــە ڕێگــەی تەلەڤزیۆنــەوە ســەیری کارە جوانەکانــی کــردووە.

* دوا بــەدوای ئــەوەی ئــەو ئەزموونــە ســەرەتاییە پێشــکەش دەکــەن، ســاڵی ١٩٧٣، شــانۆگەری بیــری ئــازاد- الفکــر الحــر، یەکــەم جــار لــە کۆیــە لەســەر شــانۆ پێشــکەش دەکــەن، لــەو شــانۆگەرییەدا دەوری (بــاوک)ی بینیــوە، دواتــر لــە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمــار کــراوە، چەنــد جارێــک لــە تەلەڤزیۆنــی کەرکــووک پێشــان دراوە، دواتــر وەک گۆرانبێــژ و ئەکتــەر لــە (٥) شــانۆگەریدا لەگــەڵ هونەرمەنــدان: ئەحمــەد ســالار و ئەرســەلان دەروێــش و هیــوا ســوعاد و ژیلــوان تاهیــر بەشــداری کــردووە، لەوانــە: (ئەوانــەی تونــی بابــا چــوون) و (گەمــەی شــا و پاشــای گەمــە) و (دەفــڕێ و نافــڕێ) و (شــاری ئەویــن) و (شــەوچەرە)دا دەوری هەبــووە، کــە (٤) دانەیــان لــە نووســینی ئەحمــەد ســالار و دانەیەکیــان لــە نووســینی تەڵعــەت ســامان بــووە، یەکــەم و پێنجەمیــان دەرهێنانــی ئەرســەلان دەروێــش و ئەوانــی دی هــەر دەرهێنەرێــک دانەیەکیانــی دەرهێنــاوە، کــە ئەویــش وەک ئەکتــەر و گۆرانیبێــژ بەشــداری لــەو شــانۆگەریانەدا کــردووە.

* جارێکــی دی لــە ســاڵی ١٩٧٤ بــە خێزانەوە پەیوەنــدی بــە شــۆڕشــی ئەیلوولــەوە کــردووە و لــە بەتاڵیۆنــی چواری دەشــتی هەولێــر کــە بەرپرســەکەی (ســمکۆ عەلی) بووە، بووەتە برینپێچ، هاوســەرەکەشــی کــە لــە گوندەکانــی دەشــتی کۆیــە یــاوەری بــووە، لــە هەمــوو ڕۆژە ســەخت و ناخۆشــەکانی ژیانــی، لەگەڵــی بەشــدار بــووە و ناخۆشــییەکانی لەگــەڵ بــەش کــردووە. لەپــاش نســکۆی شــۆڕش، لــە ســاڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتــەوە شــاری کۆیــە و وەک کوردێکــی پــاک و دڵســۆزی کوردســتانەکەی، نــە لــە نزیــک و نــە لــە دوور لــە ڕژێــم نزیــک نەبووەتــەوە و هــاوکاری نەکــردووە، تــا ڕۆژی ڕاپەڕینــی ســاڵی ١٩٩١ کــە خــۆی و کــوڕە

گەورەکەی لە ڕزگارکردنی کوردستاندا بەشدارییان کردووە.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد کە شارەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ، توند بە ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە نووساوە، بۆیە زۆر لە خەمی ئەوەدا بووە مەقام و بەستە و گۆرانییەکانی کۆیە ببووژێنێتەوە، بە تایبەتیش ئەو گۆرانیانەی کەمتر گوتراون و لایان لێ کراوەتەوە، یان هێشتا تۆمار نەکراون. زۆر مەبەستی بووە شێوازی گوتنی مەولوودی پێغەمبەر کە هۆنراوەکەی پەخشانە و هی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە، بایەخی زۆرتری پێ بدرێ، چونکە شێوازەکەی زۆر هونەرییە و تاموچێژێکی تایبەتی هەیە. لەسەر (کەبار)یش وەستاوە، کە بەیانیان پێش بانگدان، بە زمانی شیرینی کوردی و بە مەقامێکی تایبەتی گوتراوە، هەروەها مەقام و گۆرانی پێکەوە گوتراوە، بە تایبەتی ئەگەر پێنج خشتەکی بووبێ، (٣) دێڕی یەکەم بە مەقام، (٢) دێڕەکەی دیکەشی بە گۆرانی گوتراوە، لە هەمان کاتیشدا بۆ شیعر خوێندن بەیتی یەکەمی بە مەقام و بەیتی دووەمیشی بە گۆرانی گوتراوە، ئەو ڕای وایە ئەو جۆرە گوتنە لە دەڤەری کۆیە زۆر باوە.

* ئەم هونەرمەندە توانیویەتی بە باشی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکەی سەر شانی جێبەجێ بکات، بۆیە توانیویەتی لە ڕێگەی دوو تیپەوە (سۆما) و (مام عەولا)ی تایبەت بە منداڵان، پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێ، چونکە زانیویەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە زۆر بواردا خاوەنی کەلەپووری تایبەت بە خۆیەتی و یەکێکە لەو میللەتانەی فۆلکلۆر و کەلەپوورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندی هەیە، بە تایبەتیش لە بواری هونەری گۆرانیدا، لەناو ئەو هونەرەشدا، هونەرێکی دەوڵەمەندی منداڵانی هەیە، بۆیە ئامانجی گەورەی ئەوە بووە منداڵانی کورد بەو هونەرە ڕەسەنە گۆش بکرێن تا گوێچکەیان بەو میلۆدیانە پڕ بکرێ کە لە باوک و باپیران و دایک و داپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

* پێویستە منداڵانی کورد لەلایەن لێزان و پسپۆڕانەوە لەسەر ئەو ئاوازانە، هەروەها لەسەر شایی و هەڵپەرکێ تایبەتەکان بە کورد، ڕابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە و لەبیر نەکرێن و نەفەوتێن، یان هەوڵی داوە لەپاڵ هونەری منداڵانەوە یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری زیندوو بکرێنەوە، کە بەلامەوە بایەخدان بەو بوارانە، بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی لەپێشینەیە، بەشێکی گرنگە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، ئەوە هاندانی منداڵانە بۆ برەودان بە هۆشیاری نەتەوەیی و جۆشدانی هەستی کوردایەتی، کە لەلای ئەو هونەرمەندە پاراستنی کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەی، بۆ هێشتنەوە و ڕزگارکردنیان لە فەوتان و لەناوچوون، بە بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکە زانیوە کە سنگ بە سنگ و نەوە دوای نەوە ئەو ئاواز و هەڵپەرکێ و یارییە فۆلکلۆریانەیان بۆ پاراستووین و تا ئەمڕۆیان هێناوە.

* کورد کە زۆر گۆرانیی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵانی خۆی هەیە، هونەرمەند سەلاح محەمەد چەند دانە گۆرانییەکی لەوانە زیندووکردووەتەوە و سەرکەوتنیشی تێدا بە دەست هێناوە، لەوانە: (دێوەرە، شەموله- بووکە بەبارانێ، ئەللول بەللول، کۆڵێ کۆڵێ، ئاغا ناردی لۆ مەڕەکی) و چەندانی دیکە، کە لە گۆرانی فۆلکلۆریی منداڵاندا یاری تایبەتیان لەگەڵ دەکرێ. لەلای ئەو هونەرمەندە پێناسەی هونەری سەرکەوتووی منداڵان ئەو هونەرەیە کە منداڵان دەورووژێنێ، تا هەست بکەن ئەو گۆرانییە تایبەتە بە ئەوان و بۆ ئەوان گوتراوە، هەروەک دەبێ لە کاتی گوتنی گۆرانییەکەدا منداڵان بخاتە هەڵەکە

سـەما و هەڵپەڕیـن، تـا ئـەو ڕادەیـەی بیانخاتـە جۆشـوخرۆش کـە سـنوورەکانی شـەرم بشـکێنن و لەگـەڵ یەکـەم گوێگرتـن لـە گۆرانییەکـە، فێـری گوتنـەوەی بـن و وشـەکانی شـیعری گۆرانییەکـە بـە باشـی بڵێنـەوە.

* منـداڵان چـاو لـە گـەورەکان دەکـەن، کـورد دەڵـێ: (گـەورە ئـاو دەڕێـژێ، بچـووک پێـی لـێ دەخشـێنێ)، منـداڵان لـە گەورەکانـەوە فێـر دەبـن و لێیـان وەردەگـرن، ئەگـەر پەروەردەیەکـی دروست و زانسـتیانە بکرێـن، ئـەوە داهاتوویەکـی گـەش چاوەڕێیانـە و بـۆ کۆمەڵەکەیـان کەسـانی بەکەڵکیـان لـێ دەردەچـێ کـە بـۆ وڵات و گەلەکەیـان خێـر بدەنـەوە. بایەخـدان بـە هونـەری منـداڵان ئاسـۆی بیریـان فـراوان دەکا و کارێکـی وا دەکا کـە لـە هەمـوو بوارێکـی ژیانـدا مێشـکیان گـەورە بـێ، بۆیـە ئەوانـەی لـە بـواری هونـەری منداڵانـدا کار دەکـەن، دەبـێ شـارەزاییان لـە شـێوەی ئاراسـتەکردن و پـەروەردەی منداڵانـدا هەبـێ، زۆر هۆشـیارانە دەقـی تایبـەت بـە منـداڵان هەڵبژێـرن، شـارەزاییان لـە هونـەر و ئـاوازی تایبـەت بـە منـداڵان هەبـێ، کـە لەپێـش هـەر شـتێکەوە دەبـێ ئـەو ئـاوازە تایبەتـە، سـووکەڵە و ڕەوان بـێ و منـداڵ بـە ئاسـانی و زوو وەری بگـرێ، بـە تایبەتـی دەبـێ ڕیتمێکـی خێـرای هەبـێ. نابـێ ئـەوەش لەبیـر بکـرێ کـە هەڵبژاردنـی دەقـی شـیعر بـۆ ئاوازێکـی منـداڵان، دەبـێ ئەویـش پەروەردەیـی و ئاسـان بـێ، تـا کار لـە منـداڵان بـکا و زوو وەری بگـرن، هـەر بەهـۆی بوونـی ئـەو خەسـڵەتانەیە دەبینیـن منـداڵان گۆرانییەکانـی مـام عـەوڵا بـە شـەوق و زەوقێکـی زۆرەوە گـوێ دەدەنـێ، بۆیـە لـە دڵیانـدا جێگـەی خۆیـان کردووەتـەوە و چەسـپیون.

* منـداڵان بـە شـێوەیەکی گشـتی حـەز لـە ڕەنگـی بریقـەدار (بـراق) دەکـەن، بـە تایبەتـی ڕەنگـە گەرمەکانی وەک سـوور و زەرد و سـەوز کـە ئـەو ڕەنگانـە لەلایـان لەپێـش ڕەنگەکانـی دیکـەوە دێـن. یەکێکـی دی لـە هۆکارەکانـی سـەرکەوتنی گۆرانییەکانـی مـام عـەوڵا بـۆ منداڵان ئەوەیـە کـە لـە جلوبەرگەکانـی نـاو کلیپەکانـی بـۆ منـداڵان ئامـادەی کـردوون، بایەخـی بـە ڕەنگیـش داوە و زۆر بـە باشـی ئـەوەی بۆیان بەرجەسـتە کردووە، سـەرەڕای بوونـی ڕەنگـی زەقـی جلوبەرگەکانـی نـاو کلیپـەکان، لای لـە جلوبەرگـی فۆلکلۆریـی ڕەسـەنی کوردەواریـش کردووەتـەوە، کـە ئـەوە لـەلای خۆیـەوە زۆر سـەرنجی منداڵان ڕادەکێشـێ، ئـەم گرنگی پێدانـەش بـۆ ئەوەیـە منداڵان جلوبەرگی ڕەسـەنی کوردەواری بـاوک و باپیـران و دایک و داپیرانی خۆیـان خـۆش بـوێ تـا لـە ئاهەنگ و گەشـت و سـەیران و بۆنە و کارە هونەرییەکاندا بیپۆشـن، جلوبەرگـی کوردییـان نیشـان بـدرێ و پتـر لەلایـان خۆشەویسـت بکـرێ کـە ئـەو جلوبەرگانـە بـۆ کچـان و کوڕانـی کـورد لەبـار و لێوەشـاوەیە و زۆر جوان لێیـان دێ، دەیـەوێ بـەو هۆیـەوە هـان بدرێـن کە هەمیشـە جلی کـوردی بپۆشـن و شـانازی پێـوە بکـەن.

* ئـەم هونەرمەنـدە کـە مێژوویەکـی شـکۆمەندانەی جوانـی بـۆ خـۆی تۆمـار کردووە و لەلاپـەڕە زێڕینەکانی هونـەری گۆرانیـی کـوردی و هونـەری منداڵانـی کورد بـۆی نووسـراوەتەوە، چەنـدان بەرهەمـی ئامادەکراوی بـۆ گـەورە و منداڵانـی کـورد ئامـادە کـردووە و جـارێ تۆمـار نەکـراون، هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە بەپێـی پێویسـت لای لـێ نەکراوەتـەوە و پشـتگیری داراییـی تـەواو نەکـراوە تاکـوو سـاڵانە کارەکانـی خـۆی پێشـکەش بـە هەوادارانـی بـکات. ئێمـە لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا لەمێـژ بـوو حەزمـان دەکـرد لـە هەڤپەیڤینێکـی بەرفراوانـدا بەسـەری بکەینـەوە، ئـەوە ئـەو دەرفەتەمـان بـۆ ڕەخسـا بیدوێنیـن، هیواداریـن ئـەوەی لـە هەگبەکەیـدا بـووە هێنابێتمانـە دەرێ.

**ڕامان:** پێشتر سەبارەت بە زۆر بابەت و تەوەر دواین، قسەکانمان نزیکی ڕاپەڕین خستەوە، پێش ئەوەی بچینە سەر تەوەر و پرسیارەکانی دوای ڕاپەڕین و کار و پرۆژە هونەرییەکانی ئەو ڕۆژانەت، لەو تەوەر و باسوخواسانەی پێشتر قسەمان لەبارەیانەوە کردن، ئەگەر شتێکت ماوە پێم باشە باسی بکەی.. تیپی نەتەوەیی کە کاتی خۆی ویستیان لە هەولێر دروستی بکەن و داوا لە م. تاهیر تۆفیق کرا ببێتە سەرۆکی ئەو تیپە، جارێ ئەوەمان بۆ بگێڕەوە، چونکە ئەوەش پێوەندی بە سالانی حەفتاکانەوە هەیە.

**سەلاح محەمەد:** ئێستاش ئەوەم لە یادە، بە تەواوی نازانم سالی چەند بوو، لەوانەیە سالی ١٩٧٨ بێ، من و سەردار ئەحمەد، ژەنیاری نایە و فلووت، دەعوەت کرابووین، لەگەل مەلا ئەنوەر تاهیر هاتین بۆ هەولێر، لە مالیان ئەگلەنجە هەبوو، چووینە مالی ئەوان.

**ڕامان:** لە مالی کێ دەعوەت کرابوون و ئەگلەنجە هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** مالی ڕەنجبەر خۆشناو، برای ڕزگار خۆشناو، مالیان لە بەرانبەر نەقلیاتی کۆن بوو، ئەوکات لەوێ بوون، ئیتر چووینە ئەوێ، کە چووین تاهیر تۆفیق بە تەنیا لەسەر مێزێک دانیشتبوو، چاوێکی لە من و سەردار ئەحمەد کرد گوتی وەرن، وەرن. چووین لە دەوری دانیشتین و کەوتینە قسە، دوایی بۆی گێڕاینەوە، گوتی بەنیازن بمکەنە سەرۆکی تیپی نەتەوەیی کە خەریکە لە هەولێر دروست دەکرێ.

**ڕامان:** تۆ پێتوایە و دلنیای ئەوە کۆتایی سالانی حەفتاکان بووە؟

**سەلاح محەمەد:** بە دلنیایی سالی ١٩٧٧، یان ١٩٧٨ بوو.

**ڕامان:** من لەبیرمە لە سلێمانی لە سالانی هەشتاکان ئەو بیرۆکەیە هاتە کایەوە.

**سەلاح محەمەد:** تاهیر تۆفیق ئێمەی بانگ کردە لای خۆی و ئەو قسانەمان کرد، گوتی بەنیازن بمکەنە سەرۆکی تیپی نەتەوەیی، بانگیان کردووم و پێیان گوتووم و بەلێنیان داومەتێ، بە منیان گوتووە هەر کەسێکی تۆ دەیهێنی ئازادی و پارەتیت دەدەین، ئێمە سەتا دوو سەد دەرمالە - موخەسەساتی دەدەینێ، ئەو کەسەی بەهرە و توانایی هەبێت، خانووی بۆ دەگرین، بەتایبەتی سەردار تۆ، من زۆر پشت بە تۆ دەبەستم، تۆ وەکوو موزیکژەنێکی باش، گۆرانیبێژەکان کامەیان باشە بیهێنە، چونکە هەموویان پێویستن، ئەوە تیپێکی نەتەوەییە، ئاوای پێ گوت.

**ڕامان:** ئەوجا سەردار ئەحمەد بە پێشنیارەکەی ڕازی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو پێی گوت خالە تاهیر بۆ ناو ئاگریش بێ، لەگەلت دێین، ڕەزامەندی دەربڕی و گوتی باشە لەگەلت دەبین، لەو بارەیەوە قسەکان کۆتاییان هات. نزیکی دوو مانگێکی پێ چوو، ڕۆژێک لە کۆیە لەناو باخچەکەی یانەی فەرمانبەران دانیشتبووین، خالە تاهیر کە هاتە ژوورەوە، تەماشایەکی ئەو لا و ئەو لای کرد، گوتم ئەوە م. تاهیر تۆفیق هات، هەستام و بەرەو پیری چووم، فەرمووو فەرمووم لێ کرد، هات لەکن ئێمە دانیشت، ئیتر بە قسەی خۆش دانیشتنەکەمان گەرم کرد. لێم پرسی ئەو تیپە میللییە چی بەسەر هات کە گوتت بەنیازن بمکەنە سەرۆکی تیپەکە؟ گوتی بانگیان کردم، یەکەم جار بەلێنیان پێ دام، دوایی بانگیان کردمەوە گوتیان دەبێ بێی ببیتە بەعسی.

**ڕامان:** هەر ئەوها ڕێکوڕاست پێیان گوتبوو

دەبێ ببیتە بەعسی؟

**سەلاح محەمەد:** نەک هەر بەخۆی، بەڵکوو پێیان گوتبوو ئەوانەی دەشیانهێنی، دەبێ هەموویان ببنە بەعسی. گوتی منیش شەقێکم تێ هەڵدا، دوور لە ڕووی جەنابت ئەو قسەیەی دەکەم، ئەوهای وەڵام دامەوە، ئێستاش لە یادمە کە ئەو قسەیەی کرد، گوتی منیش شەقێکم تێ هەڵدا و بەجێم هێشت، ئەوە دەقی قسەکەی ئەو بوو.

**ڕامان:** بێجگە لەو ڕووداوەی کە لەگەڵ خاڵە تاهیر تۆفیق قسەت لە بارەوە کردووە، وەک هونەرمەندێکی گەورە و ناسراو چی دیکەی لەبارەوە دەزانی، بۆنەیەک، ڕووداوێک، بابەتێکی دیکەی ئاوات لەلا بێ؟

**سەلاح محەمەد:** لە چەند دانیشتنێکدا بە یەکەوە بووین، وابزانم لە ساڵی ١٩٦١ بوو، ئەگەر لە یادم بێ، تیپی مەولەوی هاتنە کۆیە، بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی ئاهەنگێکیان ساز کرد.

**ڕامان:** ئەو جارە نەبوو کە تیپەکە بە بۆنەی لافاوەکەی (سلێمانی)یەوە هاتبوو؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، ئەوەیان ساڵی ١٩٥٧ بوو، لەوەیاندا من بەشدار نەبووم، بەڵام ئاگادار بووم کە هاتنە کۆیە، جارێکیان لە یانەی ئازادی، لە نهۆمی سەرەوە، لە ژوورێک چەند کەسێک بووین دانیشتبووین، فارسی عەلی ئاغاشمان لەگەڵ بوو کە زۆر لەگەڵ تاهیر تۆفیق برادەر بوو، من گۆرانی و مەقامم دەگوت، کاتێک بینیم دەرگای ژوورەکە کرایەوە و پاڵێکی پێوە نرا، لە پشتی دەرگاکەوە کەسێک بە دەرکەوت، بینیم خاڵە تاهیر تەماشای دەکردین، منیش هەستام و چووم دەستیم گرت و هێنام لە جێی خۆم دانا، تەماشای جەماعەتەکەی



چنارۆک، ١٩٧٦، ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی، ئەو کاتە مۆڵەتی کارکردنی لێ وەرگیرابووەوە.
ئەوانەی بە پێوە وەستاون، لە ڕاستەوە: وریا قادر، جەلال عەزیز، ئەمیر مستەفا ئەحمەد، وریا ئەحمەد، سەعدوڵڵا محەمەد.
دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: سەردار ئەحمەد، ئەنوەر تاهیر، سەلاح محەمەد، غازی هەولێری، محەمەد لەتیف ئاغا.

کرد و گوتی لە خوارێ بووم، کە گوێم لەو دەنگە بوو زانیم کۆییە.

**ڕامان:** ئەوە یەکەم جاری بوو گوێی لە دەنگی تۆ بووبێ؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، ئەوە پاش دوو سێ جاری پێشتر بوو، بەڵام لەلام سەیر بوو.

**ڕامان:** ئەی چۆن بە دەنگی تۆ ئاشنا نەبووبوو؟

**سەلاح محەمەد:** گوتی گوێم لەو دەنگە، لەو مەقامانە بوو، زانیم ئەوە کۆییە، بۆیە هاتمە لاتان. گوتم یاخوا بەخێر بێی، ئەوە چەند مانگێک پێش مردنەکەی بوو، ئەودەمە کە دانیشتین و قسەمان کرد، منیش لەبەر خۆمەوە ئەو گۆرانییەی ئەوم گوت: ((قەلبی من گەر چەشنی لالە ...)) مەبەستم بوو هانی بدەم خۆی بیڵێ، بەڵام بەداخەوە کە گۆرانییەکەی دەگوت دەستی دەلەرزی، بە دەستەکەی دی دەیگرت، بە تەواوی پیری و نەخۆشی پێوە دیار بوو، بەڵام حەزی کرد هاتە لامان، چونکە کۆمەڵە

کەسێکی مەجلیس خۆش بووین، ئیتر کە هەندێک لەلامان دانیشت، گوتی بە یارمەتیتان من دەڕۆم، دەچمەوە ماڵێ، هەرچەندە هەوڵم دا لەلامان بمێنێتەوە، سوودی نەبوو، گوتی ناتوانم دانیشم، منیش دەستم گرت و تا سەر جادەکەم برد، ئەوە بوو لە نیوەی ڕێگە گوتی لێرە بگەڕێوە و خواحافیزت بێ، خەمی منت نەبێ، ئێستا بیست کەس بۆم دێن و بە فریام دەکەون.

**ڕامان:** تۆ وەک گۆرانیبێژێک چەند سوودت لەو هونەرمەندە وەرگرتووە، زیاتر لە چ ڕوویەکەوە سوودت لێ وەرگرت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڕاستی زۆر سوودم لە مەقامەکانی وەرگرت.

**ڕامان:** بە گوێگرتنی ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێی کاسێتەکانی گوێت لێ دەگرت؟

**سەلاح محەمەد:** گوێگرتنەکە ڕاستەوخۆ بوو، بەتایبەتی لە دانیشتنەکان و کۆڕەکان، گۆرانیگوتنی ڕووبەڕوو زۆر گرنگە، بۆیەش ئەو مەقامانەی سێوە چوونە ناو دڵ و هزر و بیرم، چونکە ڕووبەڕوو لەگەڵی دادەنیشتم و بۆی دەگوتم، ڕووبەڕوو زۆر گرنگە، نەک لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن گوێت لێ بێ، ڕووبەڕوو بیڵێ زۆر کاریگەرە.

**ڕامان:** ئەوەی خاڵە (تاهیر تۆفیق)یش هەر وابوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، چەند جارێک پێکەوە دانیشتووین کە گۆرانییەکانی دەگوت، من زۆر سوودم لێ وەردەگرت، چونکە ڕووبەڕوو لە دەم و زاری، لە وشەکان ورد دەبوومەوە.

**ڕامان:** سوودت لە شیعرەکانیش وەردەگرت؟

**سەلاح محەمەد:** سوودم لە گوتنەکەی، لە شێوەی چڕینەکەی، لە وشەکانی شیعرەکە وەردەگرت، ڕووبەڕوو زۆر گرنگە.

**ڕامان:** ئەی مەقامات و ئوسووڵی مەقاماتی لێوە فێر نەبووی؟

**سەلاح محەمەد:** بەردەوام مەقامەکان دەگوتران، بەڵام لە کاتی ئێمە کە مەقامات دەگوترا، نەیاندەگوت ئەوە چ مەقامێکە، ئەو دەیگوت، دوایی منیش هەوڵم دەدا وەک خۆی بیڵێمەوە و سوودی لێ وەرگرم، زۆر شتی ئەویشم گوتووەتەوە، هەرچەندە دەنگی من لەگەڵ دەنگی تاهیر تۆفیق لێک دوورن، ئەو دەنگێکی شازی هەبوو، بەتایبەتی لە مەقامات، چینەدەنگەکەی زۆر بەرز بوو.

**ڕامان:** چی دیکە لە بارەی (تاهیر تۆفیق)ەوە دەزانی، یان هەڵوێستێکی ئەوت لەبیر مابێ، وەک ئەو هەڵوێستەی تیپی نەتەوەیی، هیچت لەبیرە، یان لە کەسانی دی گوێت لێ بووبێ؟

**سەلاح محەمەد:** من ئەوکاتی لە کۆیە دەژیام، ئەو لە هەولێر بوو، مەگەر لە بۆنەیەک بهاتباین و یەکترمان بدیتبا، یان جار جارە ئەو دەهاتە کۆیە، کە بهاتبا ئێمە دەمانبردە یانەی کۆیە، یان هەر بۆخۆمان لەگەڵ سەردار ئەحمەد و ئەوان ژوورێکمان دەگرت و دادەنیشتین، پێکەوە گۆرانی و مەقاممان دەگوت.

**ڕامان:** لەگەڵی نەدەچوونە چناڕۆکێ؟

**سەلاح محەمەد:** دەچووینە چناڕۆکێ، جارێک چووینە ئەوێ، لەوێ مەقام و گۆرانیمان گوت، دەنا وەکی دی کەم یەکترمان دەدیت.

**ڕامان:** ئەی پێکەوە سەیرانتان نەدەکرد، نەدەچوونە ناو ڕەزان؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، قەت ڕێک نەکەوتووە بچینە ناو ڕەز و باخەکان.

**ڕامان:** چی لە بارەی مامە (سێوە)وە دەزانی؟ حەز دەکەم بە تێری باسی ئەویشم بۆ بکەی.

**سەلاح محەمەد:** ١٩٥٩ یەکەم جار بوو م. باکووری بە دوایدا ناردم، هاوین بوو، گوتی

وەرە پرۆڤەمان هەیە، لە قوتابخانەی زانست، خۆمان بۆ ئاهەنگێک ئامادە دەکەین، ئەوکاتی ساڵی ١٩٥٩ بوو، کە چووم بینیم یەکێک لەوێ دانیشتووە، ئەوسا هەموو لەسەر تەختە - ڕەحلە، لە ژوورێکی قوتابخانەکان دادەنیشتین و پرۆڤەمان دەکرد، یەکێکی بە تەمەن دانیشتبوو، کورتەک و شەڵوارێکی لەبەر بوو، جەمەدانییەکی خڕی بەستبوو، سەرەتا نەمناسی، چونکە پێشتر نەمدیبوو، پرۆڤەی خۆم کرد و دانیشتم، دوایی نۆرەی ئەو هات، م. باکووری پێی گوت هەستە دەی سێوە، ئەوجا نۆرەی تۆیە، ئەوەبوو کە دەستی پێ کرد (ئەوەل سەحەرە)ی گوت، منیش هەر لێی دەچوومە پێش، ئەوجا زۆر سەیر بوو، هەر دەچوومە پێش، گوتیان کوڕە دە لاچۆ.

**ڕامان:** دیارە زیاد لە پێویست لێی نزیک بوویتییەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، زۆر لێی نزیک بوومەوە، وا چووە ناو دڵ و هزرم، ئیتر لەو کاتەوە من شێت و شەیدای مەقامەکانی سێوە بووم، ئەوکاتە خۆمان بۆ ئاهەنگێک لە شاری کۆیە ئامادە دەکرد، ئاهەنگەکەشمان گێڕا.

**ڕامان:** ئەوە بە چ بۆنەیەکەوە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەر بە بۆنەی ئەوەی تازە تیپی باواجی دامەزرابوو و لە کۆیە تیپێکی مۆسیقا هەیە، ئەوە بوو ئاهەنگمان گێڕا، هاتن بۆ ئاهەنگەکە بە بلیت بوو، بلیت بە چل فلس بوو، چوار دە فلسی، بە بلیت خەڵک دەهاتن، م. باکووری گوتی دەمانەوێ هەندێک ئامێر بکڕین، هیچ ئامێری مۆسیقامان نەبوو، کەلوپەلمان نەبوو، هەندێک ئیقاع و قانوون و کەمانچەمان کڕی.

**ڕامان:** ئەوکاتە تیپەکە ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** تیپی مۆسیقای باواجی بوو، بەڵام هەندێک دەڵێن نا، هەر ناوی نەبووە، (م. باکووری)ش دەیگوت تیپی باواجی بووە، من ئەو کاتە منداڵ بووم، لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم.

**ڕامان:** ئەی لەبیرتە ئاهەنگەکەی کۆیە لە چ هۆڵێک پێشکەش کرا؟

**سەلاح محەمەد:** هەر لە قوتابخانەی زانست بوو، بەڵام لە حەوشەکەی کرا، ئێوارەیەکی هاوین بوو، مانگی ئاب، یان ئەیلوول بوو.

**ڕامان:** ئەوە یەکەم ئاهەنگ بوو تۆ تێیدا بەشدار بی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، یەکەم ئاهەنگم بوو کە من تێیدا بەشدار بم، بە مۆسیقاوە گۆرانی «شاری کۆیە»م گوت.

**ئێمە کە لە دنیای هونەردا ماینەوە، هۆیەکەی ئەوەیە بە زۆرەملێ خۆمان پێگەیاند، گوێمان بە قسەی خەڵکی و ڕێگرییەکان نەدەدا.**

**ڕامان:** ئەو گۆرانییە شیعرەکەی هی م. کەریم شارەزا بوو، ئەی ئاوازەکەی هی کێ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئاوازەکەی هی م. باکووری بوو، من بەو شیعرە گۆرانییەکەم گوت: «شاری کۆیە خاکی پاکی خۆش هەوار، تۆی بەڕاستی جەننەتی پەروەردگار»، ئەوە یەکەم جارم بوو کە من لەگەڵ مۆسیقا گۆرانی بڵێم، سێوەش بە مەقامەکانی بەشداری تێدا کرد.

**ڕامان:** بێجگە لە تۆ و لە سێوە، کێی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** من بووم، م. باکووری بوو، بیلال بەهائەددین بوو کە ئەویش گۆرانی گوت، یووسفی برای باکووری بوو.

**ڕامان:** یووسف باکووری گۆرانییەکەی بە

کوردی گوت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، گۆرانییەکەی بە کوردی بوو.

**رامان:** باشە یووسف باکووری کە لە حەفتاکان تیپێکی رۆژئاوایی دروست کردبوو و گیتاری دەژەنی، بۆچی بە عەرەبی گۆرانی دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** لە ساڵانی پەنجاکان بە کوردی گۆرانی دەگوت، ئەوەی من باسی دەکەم، لە ساڵی ١٩٥٩ بوو.

**رامان:** ئاخر منیش ئەوە دەڵێم، ئەو کە لە پەنجاکان بە کوردی گۆرانی گوتووە، بۆچی لە حەفتاکان بە عەرەبی نەبووایە گۆرانی نەدەگوت، لەبیرمە بە خۆی و گیتارەکەیەوە تیپێکی رۆژئاوایی دانابوو، بە عەرەبی گۆرانی دەگوت.

**سەلاح محەمەد:** سێوە بە مەقامەکانی لەگەڵمان بەشدار بوو، هەر ئەو ئاهەنگەمان بردە شاری رانیە، لە رانیەش دوو رۆژ پێشکەشمان کرد، رۆژێک بۆ پیاوان، رۆژێک بۆ ئافرەتان.

**رامان:** بۆچی خەڵکەکەتان جودا کردەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو کاتە نەریت وابوو، نەدەبوو ژن و پیاو تێکەڵاو بن، ئێستاش لەبیرمە رۆژێک بۆ پیاوان، لە حەوشەی قوتابخانەکە ئاهەنگەکەمان کرد.

**رامان:** ئەی خەڵکەکە چۆن پێشوازییان لە ئاهەنگەکەتان کرد؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر قەرەباڵغ بوو، شەوانە لەسەر قولە گۆرانیمان دەگوت.

**رامان:** لەسەر قولەی ئاوی رانیە گۆرانیتان دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، من منداڵ بووم، نەدەچوومە قولەی، هەتا نیوەشەو سێوە دەنگی دەهات، ئەو خەڵکە لە دەورووپشتی کۆدەبوونەوە،



**هەولێر، هۆڵی رۆشنبیریی هەولێر، ٢٠/ ١٢/ ٢٠٢٢، تیپی مۆسیقای باواجی، چالاکییەک بۆ بەشداربوون لە چلەی م. باکووری.**

من یەکێک لەوانە بووم، بۆ خۆم نەدەچووم، بەڵام لە دەورووپشتی قولە، لە مەحەجەرەکانەوە تەماشامان دەکرد.

**رامان:** هەر ئەو چەند گۆرانییەی کە لای ئێمە ئاشنان دەیگوتنەوە، یان گۆرانی دیکەشی دەخوێند؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو زۆر گۆرانی دەگوت، یەک لە گۆرانییەکان کە من سوودم لێ وەرگرت و لەو دواییەدا تۆمارمان کردەوە، شیعرێکی ئەختەر بوو: ((فیدات بم تا کەی ئەم جەور و جەفایە)).

**رامان:** لە کۆنەوە ئەو ئاوازە لە کۆیە هەبووە.

**سەلاح محەمەد:** من ئەوەم بە دەنگی سێوە گوێ لێ بووە.

**رامان:** ئەو جۆرە زانیاریانەم پێ خۆشە، لەسەر ئەو زانیاریانە بەردەوام بە.

**سەلاح محەمەد:** ئەو گۆرانییەم لە سێوە وەرگرتووە.

**رامان:** شیعرەکەی بە تەواوی دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ.

**رامان:** هونەرمەند هەیە، بۆ نموونە مشکۆ کە یەکێک لە شیعرەکانی ئەختەری گوتووە

((لەپاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم))، دوو دێڕی هێناوە، هەموو دێڕەکانی دیکەی قوت کردووە و تێکوپێکی داوە، ئەوە کارێکی باش نییە.

**سەلاح محەمەد:** سێوە کە مەقامی دەگوت، شیعرەکانی زۆر بە ڕێکوپێکی دەگوت.

**ڕامان:** دەڵێی ئاوازەکەشی کۆن بوو، خاوەنی نەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم، لەوانەیە ئەو ئاوازە هی خۆی بووبێ، بەڵام ئەو ئاوازەی ئاوا دەگوت.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی ئەختەر، چ گۆرانییەکی دیکەی هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو زیاتر مەقامی دەگوت، گۆرانییەکانی تریشی ((لەبەر نازی چاوبازان))، ئەوانەی کە لە کۆیە باو بوون، هەموو ئەو گۆرانییانەی دەگوت.

**ڕامان:** باشە ئەوکاتە ئامێرەکانی دەنگ چۆن بوون؟ ئەو ئاهەنگەی کە لە کۆیە سازتان کرد و بردتانە ڕانیە، ئامێری باشتان هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** هیچ ئامێرێکی دەنگیمان نەبوو، حەمە گەمحان ئامێری هەبوو، (بوق)ی هەبوو، ئەوەش هی بانگدان بوو دایان دەنا.

**ڕامان:** دیارە ئەوکاتە هەر ئەوە هەبووە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوەیان دادەنا.

**ڕامان:** وەک بزانی ئاهەنگەکان تۆمار دەکران؟

**سەلاح محەمەد:** من دەمدی حەمە گەمحان ئامێری تۆماری دادەنا، بەڵام ئەو تۆمار کراوانە چییان لێ هات، نازانم، وەک ئاگادارم زۆر ئاهەنگی تۆمار کردووە.

**ڕامان:** دەبێ منداڵەکانی بزانن ئەرشیڤەکەی کەوتە کوێ و چی لێ هاتووە؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر سەیرم لێ دێ، باوەڕت هەبێ هەر ئاهەنگێک بکرایە خێرا ئامێری تۆمارەکەی دادەنا و لە وێوە دەیدایە بوقەکان، تۆمار دەکرا و دەمدی ئەوە دەسووڕێ و تۆماری دەکا.

**ڕامان:** من لە ساڵانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٦ کە بەردەوام دەچوومە چایخانەی حەمە گەمحان، هەمیشە ئەو بەکرانەی لێ دەدا، کە زۆربەیان گۆرانی نوێ بوون.

**سەلاح محەمەد:** من زۆر مەقام و بەستەم گوتووە، لەوانەیە ئێستا زۆریانم لەبیر نەمابێ، ئەو هەمووی تۆمار کردووە.

**ڕامان:** ئەی ئەمیری کەبابچی کە ئەویش ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی لەو تۆمارکراوانە هەیە، هیچ دەوری هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەمیری کەبابچی ئەودەمماڵیان لە ڕانیە بوو، لە کۆیە نەبوو.

**ڕامان:** لە ئاهەنگەکەی ڕانیە نەهات گۆرانییەکان تۆمار بکات؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر نەهات، نازانم ئەوکاتی ئەو جۆرە ئامێر و تۆمار و شتانەی هەبووبێ، بەڵام نەدەهاتە کۆیە، هەمووی حەمە گەمحان دەیکرد، خزمەتێکی چاکی هونەر و هونەرمەندانی کرد، بەڵام تۆمارکراوەکانی چییان لێ هات، چۆن بزر بوون؟ زۆرم لەلا سەیرە، بۆچی ئەو ئەرشیڤە نەما، زۆر تۆمارکراوی چاکی هەبوو.

**ڕامان:** پێشتر باسی م. تاهیر تۆفیق و مامە سێوەمان کرد، بێجگە لەو دووانە کێی دیکە هەبوون؟

**سەلاح محەمەد:** ڕاستییەکەی م. باکووری کە زانی دەنگم خۆشە زۆر هانی دام و دەستی گرتم، منی هێنایە ناو هونەر، هەموو جارێ دەیگوت کوڕە ئەوە تۆ لە کوێی، بۆ دیار نی، بۆچی نایەی.

**ڕامان:** یەکەم جار چۆنت ناسی؟

**سەلاح محەمەد:** من پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، ئەو لە دواناوەندی بوو، لە ناوەندی دەرسی دەگوتەوە، بەلام کە بۆنەیەک دەبوو، بە دوایدا دەناردم، منیش دەچووم.

**ڕامان:** چۆن زانی دەنگت خۆشە؟

**سەلاح محەمەد:** پرسیبووی کێ دەنگی خۆشە، من لە سەرەتاییەوە گۆرانیم دەگوت.

**ڕامان:** لە قوتابخانە سروود، یان گۆرانیت دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** سروود و گۆرانیم دەگوت. مامۆستایان: کەریم شارەزا و بیلال بەهائەددین لەگەڵ م. باکووری هاوڕێ بوون، ئەویش لێیانی پرسیبوو کێ دەنگی خۆشە، گوتبوویان فلان کەس دەنگی خۆشە، زاهیری براشم کە لەگەڵی بوو، هەموو جارێ پێمی دەگوت سبەینێ وەرە، لە هۆڵی ناوەندیی کۆیە پرۆڤەمان هەیە، لەوێ گۆرانییەکانم دەگوت.

**ڕامان:** م. باکووری ئاواز و گۆرانی هەیە لەبیر چووبێتەوە و ئەمڕۆ باس نەکرێ؟

**سەلاح محەمەد:** م. باکووری زۆر ئاوازی هەیە کە ئێستا کەس باسیان ناکات، لەوانە گۆرانییەکی هەبوو «لە خەو ڕاپەڕە» شیعرەکەی هی کەریم شارەزایە، ئاوازەکەی هی (م. باکووری)یە، ئاوازێکی زۆر جوان و بەرزە، «لە خەو ڕاپەڕە هەڵسە بەیانە، کاتی هۆشیاری و هەوڵی ژیانە»، ئاوازێکی زۆر خۆش و جوانە.

**ڕامان:** بۆ ئەو ئاوازانە نابووژێنیتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** خۆشم نازانم، خۆ لەوانەیە لە منیش زیاتر کەسی دی نەیزانێ، لەوانەیە کەس ئەو ئاوازە نەزانێ، خۆزگە لە دانیشتنێکی ئەوهادا بە وێنەوە تۆمارمان دەکرد، هەر نەبێ لە فەیسبووک بڵاوی بکەینەوە، نازانم بۆ بزر بێ؟

**ڕامان:** پێویستە ئەو میلۆدیانەی دەیانزانی بمێنن و لە ئەرشیف هەڵبگیرێن.

**سەلاح محەمەد:** کاتی خۆی عەدنان جەمال هەندێک ئاوازی دانابوو، زۆر کاری دی هەبوو، کار وا بڕوا، ئەو ئیشانە ون دەبن.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ عەدنان جەمال کەی یەکترتان ناسی و تێکەڵاوی یەکدی بوون؟

**سەلاح محەمەد:** عەدنان جەمال بە ساڵێک، دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەلام زۆر جار لە ئاهەنگەکان بەشداری دەکرد و دەهات، تا ساڵی ١٩٦٣ کە ئەو ترس و تۆقاندنەی بەعسییەکان هات، ئەویش ڕۆیشت و چووە بەغدا، لە بەغدا دەیخوێند، بەلام ناو بە ناو دەهاتەوە، هەتا دوای ڕاپەڕین لە یەکتر دابڕاین، دوایی هاتەوە هەولێر، لە دوای ڕاپەڕین هەمووومان یەکترمان دیتەوە. کە بینیم گوتم ئەرێ ئەوە تۆ لە کوێی؟ گوتی من نازانم ئێوە لە کوێ ببینم؟

**ئەگەر لە وڵاتی ئێمەدا هونەر بژێوی دابین بکردایە، ئەوە هونەرمەندی زۆر گەورەمان تێدا پەیدا دەبوو.**

**ڕامان:** وەک بزانی چۆن هاتەوە ناو دنیای هونەر؟

**سەلاح محەمەد:** من هێنامەوە ناو هونەر، پێم گوت وەرە برام، تۆ هونەرمەند بووی، کاری باشت کرد، شتی باشت پێیە، دە وەرەوە ئیش بکە، ئیتر لێرە لە کوردستان تیڤی بەرنامەیان بۆ کرد، ئەگینا عەدنان جەمال لەبیر کرابوو، ئێمەی کۆیی ئەو خەسڵەتەمان هەیە، قەت خۆمان نابەینە پێش، ئەگەر یەکێک پێمان

نەڵێ وەرە ئەو کارە بکە، لە خۆمانەوە ناچینە پێش و خۆمان ڕەپێش ناکەین.

**ڕامان:** چاکەی م. باکووری لەوە دایە کە بە تۆی گوتووە فەرمووە وەرە پێش و بایەخی پێ داوی.

**سەلاح محەمەد:** من قەرزاری ئەوم، ئەو منی هێنایە ناو هونەر، من قەت ئەو چاکەیەی لەبیر ناکەم، بەڕاستی قەرزداری ئەوم.

**ڕامان:** باسی هەندێک سەرگوزشتەی خۆتمان لەگەڵ م. باکووری بۆ بکە، تۆ لە بنکەی مەقام کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، لەگەڵی بووی؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو دامەزرێنەری بنکەی مەقام بوو، بەڵام ئەو کاتە من لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرمانبەر بووم، دەچووم بۆ سەردانیان، هەر زوو زوو دەچوومە لایان دادەنیشتین و پێکەوە هەندێک مەقاممان دەگوت، بنکەی مەقام سەنتەرێکی زۆر باش، جێگەیەکی ڕێکوپێک بوو، کە دەچووین هەر نەبا لەوێ یەکترمان دەدی، دوو سێ مەقاممان دەگوت و هەندێک گفتوگۆی هونەریمان دەکرد، بنکەیەکی چاک بوو، بە داخەوە ئەوەش نەما.

**ڕامان:** ئەو بنکەی مەقامە شوێنەکەی لە کۆشکی هونەر بوو؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، لە خانووی کرێ بوون، باشە ئێستا کۆشکی هونەر هەیە، لەوێ ئەو هەموو ژوورە چۆڵوهۆڵن، دەبا شتێکی وا بکەنەوە، هەر نەبێ بنکەی مەقامێکی لێ دابنێن، چەند هونەرمەندێک لەو بنکەیەدا کۆ دەبنەوە.

**ڕامان:** ئێستا بوونی ئەو بنکەیە چەند بە پێویست دەزانی؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە زۆر پێویستە هەبێ، ئەوکاتە چەند ئاهەنگێکمان کرد، ئێمە بۆ زۆر شوێن چووین.

**ڕامان:** هەر بە ناوی بنکەی مەقام دەچوون؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بە ناوی بنکەی مەقام دەچووینە زۆر جێگە.

**ڕامان:** ئەوە لە سەردەمی فەلەکەددین کاکەیی بوو کە ئەوسا وەزیری ڕۆشنبیری بوو، ئەو کەسێکی هاندەر و پشتیوانی هونەرمەندان بوو.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، چووینە جۆرجیا، بە جلی کوردییەوە خۆمان نمایش کرد، ئەوە شتێکی زۆر گرنگ بوو، ئاهەنگێکی بچکۆلەمان لەناو کولێژی هونەرە جوانەکانی جیۆرجیا ساز کرد، لە زۆر جێگەی دی ئاهەنگمان سازکرد، ئەوانەی لەوێ بوون تەنیا دوکتۆر و پرۆفیسۆرەکان هاتن گوێیان لێ گرتین، هۆڵێکی بچکۆلانە بوو.

**ڕامان:** ئەی کوردی ئەوێ هاتن، لە ئاهەنگەکەدا ئامادە بوون؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، بەڵام بە تایبەتی ئاهەنگیان بۆ ئەوانە ساز کرد، گوتیان با هونەری کوردی ببینن، ئێمەش بە جلی کوردی چووبووین، (م. باکووری)مان لەگەڵ بوو، بە زمانی ئینگلیزی وتارێکی پێشکەش کرد، ئێمەش وەک تیپەکە بە جلی کوردی ئەو مەقام و گۆرانییانەمان پێشکەش کرد، هەر زۆر پێی سەرسام بوون، کڵاو و جەمەدانییەکەیان زۆر پێ جوان بوو، گوتیان شتی وامان نەدیوە، نە ئەو جلوبەرگە، نە ئەو جۆرە دەنگە، تەنانەت یەکێکیان گوتی پێشتر ئەو جۆرە دەنگە، ئەو مەقامانەمان گوێ لێ نەبووە، قەت ئەو جلوبەرگەشمان نەدیوە، بەڕاستی نەتەوەیەکی تایبەتن، هونەرێکی دەگمەنتان هەیە، هونەرەکەتان هونەرێکی زۆر بەرزە، زۆریان بە دڵ بوو، ئەودەم بەڕێوەبەری بنکەی مەقام م. نایف

شێخانی بوو.

**ڕامان:** هونەرمەند عەلی مەردان قسەیەکی زۆر جوانی کردووە، ئەو باسی ئەوە دەکات کە لەناو عێراق ڕەشید قۆندەرچی، یووسف عومەر، محەمەد گوبانچی هەبوون مەقاماتیان گوتووە، فارسەکان مەقاماتیان گوتووە، تورکەکان مەقامیان گوتووە، دەڵێ با ئەوانە بێن هەر مەقامێکی دەیڵێن، ئورفە، سەبا، حیجاز، چ دەڵێن، با بێن بیڵێن، ئەوجا کوردێک بێ هەمان مەقام بڵێ، بزانن ئەوەی ئەوان دەیڵێن و ئەوەی کورد دەیڵێ عەرز و ئاسمانی فەرقە، یان نا؟

**سەلاح محەمەد:** مەقامەکان لە کورد وەرگیراون، باوەڕ بکە هەموو ئەو مەقامانە لەناو کورد سەریان هەڵداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دەوڵەت نەبووین و بەهێز نەبووین و هیچمان نەبووە، هەموو هاتوون هونەرەکەیان لە ئێمە دزیوە و کردوویانەتە هی خۆیان.

**ڕامان:** هەندێک لەو مەقامانە بە زەقی و ئاشکرا ناوی کوردییان هەڵگرتووە.

**سەلاح محەمەد:** ئاخر مەقامی ڕەست لەلای تورک و فارس و عەرەب نییە، عەرەب هەر دەڵێن ڕەست. جارێک جەلیل ئازید هاتبوو لە هۆتێلی چوارچرا دوو سێ سەنتووری دانابوو، لێی دەدان و باسی مەقامەکانی دەکرد، مەقامی سەبا وایە و مەقامی حیجاز وایە، هاتە سەر مەقامی ڕەست، گوتی مەقامی ڕەست هەرچی لێ بکەی، هەر دەچێتەوە سەر عەرەب.

**ڕامان:** ئەوە چۆن وایە، جارێ ناوی مەقامەکە کوردییە؟

**سەلاح محەمەد:** منیش پێم گوت ئەوە وا نییە، گوتم فەرموو گوێ لەو مەقامی ڕەستە بگرە کە کاتی خۆی مەلا ئەحمەدە کۆر گوتوویەتی، گوتم گوێ لە مەقامی ڕەستەکەی تاهیر تۆفیق بگرە، ((چەهچەهەی بولبول))، ئەرێ ئەوە بۆچی عەرەبییە، ئەوانەی لەوێ بوون زۆربەیان پشتگیرییان کردم، گوتیان ڕاستە و هیچ پێوەندیی بە عەرەبەوە نییە. گوتم ئەوە هەمووی کوردییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە کەس نەبووە پشتیوانیمان بکا، بۆیە وەکوو ئەوان نەمانتوانیوە زیاتر پەرەیان پێ بدەین.

**ڕامان:** ئێمە کە قەوارەیەکمان نەبووە، بۆیە بە درێژایی مێژوو تاڵان کراوین.. ئێستا باس باسی ئەو هونەرمەندانەیە کە تۆ قسەیان لەبارەوە دەکەی و یادەوەری خۆت لەگەڵیان دەگێڕیتەوە، مەقامی «وەیلێ زاڵم»، باوەڕ ناکەم لەناو هیچ قەومێکی دی ئەو جۆرە گوتن و مەقامە هەبێ، بەلامەوە زۆر تایبەتە.

**سەلاح محەمەد:** لەناو هیچ قەومێکدا نییە، کە مۆسیقییەکان گوێی لێ دەگرن، هەموو ئاوها دێنە پێش و دەڵێن ئەرێ ئەوە چ مەقامێکە؟ نە بەیاتە، نە ڕەستە، بەڵام هەمووی تێدایە، ئەوان سەریان سووڕ دەمێنێ، جارێک ئەنوەر قەرەداغی باسی مەقامەکانی سێوەی کرد، گوتی ئەو کە مەقامەکانی دەڵێ دەچمە دنیایەکی دیکەوە، گوتی لە زۆر جێیان دەیکاتە ڕەست، دەیکاتە بەیات، دەیکاتە حیجاز. گوتی هەموو قەومێک ئەوەی نییە و ناتوانێ بیکا، بەڵام چی بکەین ئێمە بێکەسین و پشتیوانمان نەبووە.

**ڕامان:** م. باکووری تەنیا ئەو ئاوازەی بۆ داناوی، ئەوەی ئێستا باست کرد، یان ئیشی دیکەشی بۆ کردووی؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر گۆرانی دیم گوتووە، «هەی زێڕینە زێڕینە»م لە ئاهەنگەکان گوتووە، ئەوەش هی (م. باکووری)یە.

**ڕامان:** ئەوە ئاوازی خۆیەتی، بە دەنگی

خۆیشی گوتوویەتی.

**سەلاح محەمەد:** وەک گوتن من تەنیا ((شاری کۆیە))م گوتووە، جارێک لە کۆیە بووین، م. باکووری ڕێزلێنانیان بۆ دەکرد، دەزگاکەی مەزهەری خالقی لە کۆیە بۆیان کرد، م. باکووری هەر لەگەڵ من دەهات، کە دەمگوت دەچمە کۆیە، دەیگوت کوڕە بەجێم نەهێڵی. دەمگوت ئەوە دێمە لای ماڵتان، ئیدی لەگەڵ خۆم دەمبرد، پێکەوە چووبووین، لەوێ باسی ئەوە کرا، گوتم من قسەم لەسەر م. باکووری هەیە، گوتم ئەوە م. باکووری خۆی لێرە دانیشتووە، سەردار ئەحمەدیش لێرەیە، هەموویان دەزانن، ساڵی ١٩٥٩ من بۆ یەکەم جار، یەکەم ئاوازی (م. باکووری)م بەناوی «شاری کۆیە» بە مۆسیقاوە لە کۆیە و لە شاری ڕانیە گوتووە، ئەو دەمە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، ئەو گۆرانییەم گوتووە، باکووری گوتی وەڵلا بابە وایە، گۆرانیبێژی تیپی باواجی بوو، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵمان بووە، ئەوجا بزانە لەو کاتییەوە من لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بووم.

**ڕامان:** ژمارەی ئاوازەکانی م. باکووری کە تایبەت بن بە تۆ چەند دانەن؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو ئاوازانەی بە تایبەتی بۆ منی دانابێ، تەنیا ئەو گۆرانییەم گوتووە کە بەناوی «شاری کۆیە» بوو، بەڵام م. باکووری زۆر ئاوازی هەیە.

**ڕامان:** من پێم وایە هێشتا لەچاو ئەو تەمەنەی لەناو هونەردا بەسەری بردووە، بەرهەمی کەمە، ئاواز و گۆرانییەکانی ژمارەیان زۆر نییە.

**سەلاح محەمەد:** چەند شتێکی باشی هەیە، ئاوازەکانی هی خۆیەتی.

**ڕامان:** بەڵێ، ئاوازەکانی نەوعی و ڕەسەنن..

ئەی لەگەڵ هونەرمەند عەدنان جەمال کە ئەویش مەقامەکانی مامە سێوەی گوتووەتەوە، لە گوتنەوەی مەقامەکانی مامە سێوە ناوی ئەو و ناوی تۆ پێکەوە دێ، هەندێک دەڵێن عەدنان جەمال و هەندێکیان دەڵێن تۆ خەلیفەی سێوەی، خۆت لەو بارەوە چ دەڵێی؟

**سەلاح محەمەد:** بۆ ئەوە دەبێ خەڵک ئەو بڕیارە بدات، عەدنان جەمال هەموو جارێ مەقامەکانی سێوەی دەگوتەوە، ئەڵبەتە جارێک من لەگەڵیان دانیشتبووم، سەردار ئەحمەد پێی گوت تۆ هێندەی پان مەکەوە، ئەوجا نازانم مەبەستی لەوە چ بوو، بەڵام مەقامەکانی باش دەگوت، ئەوەی خراپ بوو شیعری لەبەر نەدەکرد، دەمگوت بچۆ ئەو شیعرانە لەبەر بکە و بە چاکی بیانڵێ، شیعرەکانم بۆ دەنووسییەوە، بەڵام زوو لەبیری دەچوونەوە، زۆر جار دەمگوت ئەها دیسان لەبیرت چووەوە، گرنگی بە شیعر نەدەدا، نازانم بۆچی.

**ڕامان:** هونەرمەند عەدنان جەمال هیچ ئاوازی بۆ داناوی؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، بەڵام ئاوازێکی خۆشی هەیە، شیعرەکەی دەڵێ «ئەی دیدە پەری بەو دەمە، بەو کوڵمە گوڵینە».

**ڕامان:** ئەوە شیعری کێیە؟

**سەلاح محەمەد:** شیعری (ئەحمەد هەردی)یە، شیعرێکی زۆر جوانە، ئاوازەکەی زۆر ڕێکوپێک و جوانە، بە سێ قۆناغ دەیڵێ.

**ڕامان:** ئەوە هەتا ئێستا باسی چوار هونەرمەندمان کرد کە پەیوەندیت لەگەڵیان هەبووە، یان هەندێک ڕووداوت لەبارەیانەوە گێڕایەوە، کەسی دی ماوە باسی بکەی؟

**سەلاح محەمەد:** یەک شتی دی هەیە، نابێ ڕۆڵی م. وریا ئەحمەد لەبیر بکەم.

**ڕامان:** زۆر ڕاستە، ئاخر من ئێستا دامناوە پرسیاری ئەوت لێ بکەم، بێجگە لە گۆرانیبێژەکان، مامۆستایان: زاهیر محەمەدی برات، وریا ئەحمەد، ئەنوەر تاهیر، ئەگەر بیرەوەریت لەگەڵ ئەوانە هەیە، وردە وردە بیانگێڕەوە.

**سەلاح محەمەد:** زاهیری برام، هەرچەندە برامە و ئاوازی زۆری هەبووە، بەلام تا ئێستا هیچ ئاوازێکی ئەوم تۆمار نەکردووە، نە بۆ ئێزگە و نە بۆ تەلەفزیۆن، لەو بارەوە هیچی پێ نەگوتووم.

**ڕامان:** تەنیا ئەو دانە گۆرانییە بووە کە نەبووە نسیب لە ئێزگەی کوردی تۆمار بکرێ، ئەو ئاوازەی کە م. عەلی مەردان پێی گوتی شیعرەکەی بگۆڕە.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو ئاوازە هەر ماوە، لە هەولێرەوە چووینە بەغدا و لە یەکەم ڤیستیڤاڵ بەشداربووین، تیپەکەمان بەناوی باواجی نەمابوو، بە ناوی شاری هەولێر چووین، ئەوە زۆر گرنگە، چونکە کاتی خۆی سەعدوون یوونس، تەحسین تەهاشی لەگەڵ بوو، هاتنە کۆیە داوایان لە م. زاهیری برام کرد و گوتیان لە هەولێر تیپێکی وا نییە، داوایان کردووە بە ناوی پارێزگای هەولێر، بچین لە فیستیڤاڵی پارێزگاکان لەسەر ئاستی هەموو عێراق بەشدار بین.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو کە ئەو دوو هونەرمەندە هاتن بۆ کۆیە؟

**سەلاح محەمەد:** ساڵی ١٩٨٠، پێش شەڕی عێراق - ئێران بوو. گوتمان ئاخر ئێمە تیپەکەمان مۆڵەتی نەماوە. گوتیان ئێوە بە ناوی هەولێرەوە دێن، ئەوە پێوەندی بە مۆڵەت و شتی واوە نییە، ئەوە بوو هەموومان وەک تیپی باواجی جاران چووینە بەغدا، لەوێ لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی عێراق بە بەغداشەوە، پلەی سێیەممان بە دەست هێنا، سلێمانی یەکەم، دهۆک دووەم، هەولێر سێیەم بوو، من لەوێ دوو گۆرانیم گوت، یەکەم گۆرانی «مانگی خشت لەناو جەرگەی ئاسمانا ئەدرەوشێتەوە»، ئەوە ئاوازێکی زۆر خۆشە کە هی زاهیری برامە.

**ڕامان:** پێشتر گوتت شیعرەکە هی م. ئەحمەد دڵزارە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، لە شیعرەکەدا وەسفێکی زۆر جوانی مانگ دەکات، گۆرانییەکی دیکەشم گوت فۆلکلۆر بوو، «های بەناز دێ بەناز دێ، ئەو گوڵە جوانە بەناز دێ»، شتێکی ئەوها بوو، بۆخۆم ڕێکم خستبوو، ئاوازەکەی فۆلکلۆر بوو، بەو شێوەیە لەو فیستیڤاڵەدا بەشداریم کرد.

**ڕامان:** تۆ ئێستا باسی میهرەجانی هونەریی ساڵی ١٩٨٠ات کرد، بەڵام پێش ئەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ گەورەترین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا سازکرا، هەرچی تیپی شانۆیی و تیپی مۆسیقا و گۆرانی، تیپی هەڵپەڕکێ هەبوون هەموویان لەو میهرەجانەی بەغدا بەشدار بوون، ئەو کاتەش دوکتۆر ئیحسان فوئاد بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، دوای ئەوەی ئەو فیستیڤاڵە هونەرییە ساز کرا، زۆری نەبرد شەڕی داسەپاوی بەعس لەگەڵ کورد دەستی پێ کردەوە.

**سەلاح محەمەد:** ئێمە لەوێ بووین، لە خۆمان دەترساین.

**ڕامان:** پێم باشە باسی ئەو فیستیڤاڵەش بکەی.

**سەلاح محەمەد:** ئێمە بە ناوی تیپی باواجی چووینە بەغدا، یەکەم ڕۆژ تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو، دووەم ڕۆژ تیپی مۆسیقای باواجی

بوو، چووینە ناو هۆڵەکە چاوەڕێ بووین نۆرەمان بێت، کاتێکمان زانی پەردەیان لادا، دەبینین تیپی ئێزگە لەسەر تەختەی شانۆ دانیشتوون، دەستیان بەژەنین کرد، زاهیری برام گوتی ئێستا نۆرەی ئێمەیە، چاوەڕێین بانگمان بکەن و بەرهەمەکانمان پێشکەش بکەین، ئەو تیپە لە کوێوە هات، کێ ئەوانەی هێنا، کێ بەشداری پێ کردن، ئەوانە گوڵبەهار و عیسا بەرواری بوون، دەستیان بە گۆرانیگوتن کرد، زاهیری برام چوو پێیانی گوت.

**ڕامان:** ئەوانە لە بەرنامەدا نەبوون، لەخۆیانەوەو بەبێ ڕەزامەندیی لیژنەی باڵا خۆیان سەپاند؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، خۆیان سەپاند.

**ڕامان:** وەکوو دوایی بیستبێتانەوە بە ئەمری کێ ئەو کارەیان کرد، کێ فێری کردبوون؟

**سەلاح محەمەد:** زاهیری برام چوو بە فوئاد عارفی گوت، گوتی ئێمە دەڕۆینەوە و بەشداری ناکەین.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی بە د. ئیحسان فوئادی گوت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بە د. ئیحسان فوئادی گوت، گوتی ئێمە بەشداری ناکەین و دەڕۆینەوە، ئەوە سووکایەتییە بە ئێمە کراوە، بەپێی بەرنامە و ڕەسمیات کە خۆتان بەرنامەکەتان داناوە، نۆرەی (تیپی مۆسیقای باواجی)یە، کێ ئەوانەی هێناوەتە سەر شانۆ؟

**ڕامان:** تیپەکە تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی بەغدا بوو، هەرچەندە هەموو ژەنیارەکانیان عەرەب بوون.

**سەلاح محەمەد:** ژەنیارەکان عەرەب بوون، ئەو گۆرانیبێژانەش کورد بوون، گوتیان نابێ بڕۆن، زاهیری برام گوتی هەستن با بڕۆین، سواری ئۆتۆمبێل بووین و چووینەوە هۆتێل، د. ئیحسان فوئاد خۆی هات بۆ لامان، گوتی سبەی ئێوارەمان بە تایبەتی بۆ ئێوە تەرخان کردووە، سبەینێ تەنیا ئێوەن، ناهێڵین هیچ کەسی دیکە بێ.

**ڕامان:** هەمان ڕۆژ د. ئیحسان فوئاد هاتە هۆتێل بۆ لاتان؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دیار بوو بە زاهیری برامی گوتبوو، دەستێک هەیە دەیانەوێ فیستیڤاڵەکە سەرکەوتوو نەبێ.

**ڕامان:** دیارە پیلانەکە وا بووە، سەیرەکەش لەوەدایە ویستوویانە بە دەستی چەند هونەرمەندێکی کورد، میهرەجان و پرۆژەیەکی هونەریی کوردی تێک بدەن.

**سەلاح محەمەد:** پێموایە ئەو د. ئیحسان فوئادە بوو، نازانم ئەو بوو، یان یەکێکی دیکە بوو، وتارێکی خوێندەوە، گوتی کورد ڕۆڵێکی گەورەی لەناو عەرەبدا هەبووە، کاتی خۆی سەلاحەددینی ئەیووبی فەڵەستینی لە دەستی خاچپەرستەکان ڕزگار کردووە، پاشان گوتی ئینشائەڵڵا ئەم جارەش لەسەر دەستی سەرکردەیەکی کورد فەڵەستین ئازاد دەکرێ، ئەو قسانەی کردی، زۆریان پێ ناخۆش بوو.

**ڕامان:** ئەمە وتاری لقی پێنج بوو؟

**سەلاح محەمەد:** وابزانم وتاری لقی پێنج بوو.

**ڕامان:** ئەگەر وتارەکەی لقی پێنج بووبێ، ئەوە محەمەد بەدری بە نوێنەرایەتی ئەوان خوێندبییەوە.

**سەلاح محەمەد:** لەو کاتەدا ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرا، ئاخر تەلەفزیۆن لە هەموو شوێنێک نەبوو، لە کەرکووک هەبوو، دوای ئەوە یەکسەر تەلەفۆنیان کردبوو، گوتبوویان ئەو قسانە ببڕن، دەمودەست قسەکەیان بڕی، لەسەر ئەو قسانە دەیانویست فەشەل بە فیستیڤاڵەکە بێنن، کە خەڵک دەهاتن و دەیانگوت با بچینە

ناو هۆڵەکەوە، ئەوان دەیانگوت نابێ بچنە ژوورەوە، دوو سێ ئەمن و ئیستیخبارات دەرکەیان بۆ خەڵکەکە نەدەکردەوە، پێیان دەگوتن ئەو خەڵکە هەموو ڕاوەستاون، هەمووی کوردن، ئەوە سەدان کەس لەبەر دەرکەیە، بۆ نایەڵن بچنە ژوورەوە؟ دەیانگوت نایەڵین. دەیانگوت بابە پێنج دەققەی ماوە. دەیانگوت هەتا نەبێتە سەعات ئەوەندە نایەڵین، تۆ وەرە ئەو هەموو خەڵکە هەتا دەچوونە ژوورەوە دەبووە غەڵبەغەڵب و هەراهەرا و بەزمێک، نیو سەعات دەڕۆیی.

**ڕامان:** لەو فیستیڤاڵەدا چ گیروگرفتێکی دیکە هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئیدی ئەو جۆرە گرفتانەیان دروست دەکرد.

**ڕامان:** دواجار ئێوە چوون و ئاهەنگەکەی خۆتان کرد؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، پاشی ئێوارە بەرهەمەکانی خۆمان پێشکەش کرد.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندانەی لەگەڵتان بوون، هونەرمەندی گەورەتان لەگەڵ بووە، نەچوون بۆ لای عیسا بەرواری و گوڵبەهار و ئەوانی دی بڵێن ئێوە بۆچی وا دەکەن؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، ئەوەمان نەکرد، بەڵام لیژنەیەک هەبوو کە بەرهەمی تیپەکانی گۆرانی و مۆسیقای هەڵدەسەنگاند، ئاخر لەو فیستیڤاڵەدا تیپی مۆسیقا هەبوو بە ئیمتیاز بە یەکەمیان دانا، دەنا لەڕووی هونەرییەوە، یەکەمەکە تیپی مۆسیقای باواجی بوو، ئەو لیژنەیە (عەلی مەردان)یشی تێدا بوو.

**ڕامان:** دەیانگوت ئەو لیژنەی هەڵسەنگاندنە هونەرمەندی عەرەبیشی تێدا بووە؟

**سەلاح محەمەد:** هونەرمەندی عەرەب و (عەلی مەردان)یشی تێدا بوو.

**ڕامان:** نەتزانی بێجگە لە م. عەلی مەردان لیژنەکە کێی دیکەی تێدا بوو؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم، بەڵام دیار بوو (عەلی مەردان)ی تێدا بوو، هەندێ شتیان زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو، چ بڵێین.

**ڕامان:** دیارە لیژنەکە هەر دەسەڵاتی نەبووە، هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە.. ئەوە ئێستا باسی م. زاهیری برات کرد، دەوری م. وریا ئەحمەد و مەلا ئەنوەر تاهیر و ئەوانی دی چی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** وریا ئەحمەد کە ئاوازێکی دادەنا، بانگی منی دەکرد، دەیگوت وەرە ئەو ئاوازە ئاوایە و ئاوایە، بۆ نموونە یەک لەو ئاوازانە ئەو «بازان باز قەتار»ـە بوو، هەرچەندە ئاوازەکە فولکلۆر بوو، مۆسیقای پێشەکی گۆرانییەکە ئەو دایناوە، بە تایبەتی بۆ منی دانا و گوتم و تێیدا سەرکەوتووش بووم، زۆری پێ خۆش بوو، «خەجێ»مان تۆمار کرد، ئەوەش هەر فۆلکلۆر بوو، مۆسیقای پێشەکی گۆرانییەکە ئەو دایینا، ئەو لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر بوو، ئەو «با بچینە کوێستان، درۆیە ئەگەر بڵێم ئاگام لە خۆیە» کە ئاوازەکە هی خۆی بوو، شیعرەکە هی خالید دلێر بوو، ئەو بۆ من دەوری زۆر بوو، کە ئاوازەکانیم دەگوت.

**ڕامان:** بە ژمارە م. وریا ئەحمەد چەند ئاوازی بۆت داناوە؟

**سەلاح محەمەد:** پێنج ئاوازی بۆم داناوە.

**ڕامان:** پێنجەمەکەیان ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** «ئاهـ و یار»، لەگەڵ دیار بەرزنجی بە یەکەوە گوتوومانە، کۆپلەیەک من، کۆپلەیەک ئەو دەیڵێ، ئەوەش گۆرانییەکی خۆش بوو، کە فۆلکلۆری دەڤەری کۆیە بوو.

**ڕامان:** ئەی مەلا ئەنوەر تاهیر هیچی بۆ نەکردی، ئاوازێکی بۆ دانەنای، گۆرانییەکی بۆ

ئامادە نەکردی؟

**سەلاح محەمەد:** مەلا ئەنوەر پێش ئەوەی بچێتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، کۆرسی تیپی باواجی بوو، یان ناو بە ناو لە ئاهەنگەکان بە گۆرانییەک بەشداری دەکرد، بەڵام دوایی کە ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١ چووە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، لەوێ فێری ئامێری قانوون بوو، قانوونێکی باشی دەزانی.

**ڕامان:** هیچ ئاوازێکی بۆ تۆ دانەناوە، گۆرانییەکی بۆ ئامادە نەکردووی؟

**سەلاح محەمەد:** ئەنوەر تاهیر هیچ ئاوازی نەبوو.

**ڕامان:** وابزانم خۆشی تەنیا گۆرانییەکی هەیە؟

**سەلاح محەمەد:** هەر ئەو یەکەیە، جارێکیان شتێکی سەیری گێڕایەوە، گوتی لە گرتووخانە بووم، ژمارەمان زۆر بوو، هەموو ئەو خەڵکە لە کەرکووک گیرابووین، گوتی دەیانزانی من گۆرانیبێژم، شەوان دەیانگوت وەرە دانیشین، منیش گۆرانیم بۆ دەگوتن. ڕۆژێک دانیشتبووین لە پڕ لە ڕادیۆ گۆرانییەکەی منی لێدا «چی لێ ئەکەی، بۆچی ئەی بەی، دڵ بێ تۆ لە ڕۆڕۆیە»، کابرایەک گوتی کوڕە دە بیکوژێنەوە ئەو گەوادە، توخودا ئەمە کەی گۆرانییە، ئەوە منیش لەوێ دانیشتبووم.

**ڕامان:** منیش ئەو گۆرانییەم بەدڵ نەبوو، هەست دەکەی ئاوازەکەشی کوردی نییە.

**سەلاح محەمەد:** گوتی کە لە ڕادیۆ دەیگوت، منیش لەگەڵی دەمگوتەوە، کە تەواو بوو، دوایی گوتی کوڕە ئەوە کەی گۆرانییە، گوتم دەنا ئەوە گۆرانی من بوو. گوتی توخودا مامۆستا بمبوورە، کوڕە بەقوربانت بم بمبوورە. گوتم تۆ تازە جوێنەکەت دا.

**ڕامان:** ئەی لە ئەندامانی تیپی باواجی، کێی دیکە دەوری لەسەر ژیانی هونەری تۆ هەبووە؟

**سەلاح محەمەد:** م. سەردار باب ئەحمەد، گۆرانییەکی بۆ نوێ کردمەوە، پێم گوت گۆرانییەکی کۆیە هەیە، کە هەموو کەس گوێی لێ نەبووە، «ئەوە هات دیسان هات، باڵا بەرزەکەی خۆمان هات» کە لە دانیشتنەکانمان دەمانگوت.

**ڕامان:** ئەوەش گۆرانییەکی فۆلکلۆری بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بەڵام شتێک هەبوو، ئێمە فۆلکلۆرمان وەک فۆلکلۆری ناوچەی کۆیە دەگوت، بۆ نموونە دەمانگوت «لەسەر کەپری سەپانان، ترشێ بە باینجانە»، هەردووکیان هەر مەقامی ڕەستە، سەردار ئەحمەد گوتی ڕاوەستە پەلە مەکە، دەبێ چاکی بکەم و تێهەڵکێشییکیان بۆ بکەم، بەوە دەیکەینەوە گۆرانییەکی جوان، چووبووە کن جەلال جۆباری شاعیر، گوتبووی شیعرێکم بۆ دانێ برگەکانی ئەوها و ئەوها بێ، «ئەوە هات دیسان هات»، لەگەڵ ئەوەکەی دی تێک بکاتەوە، شیعرێکی جوانی بۆ دانا «بە چاوی چاوەڕوانی لە ڕێی یارم دەڕوانی، کاتێک لەپڕ پەیدا بوو، دەرکەوت بە ڕەوتی جوانی»، تێهەڵکێشێکی خۆشی بۆ کردبوو، هەردووکیمان تێک هەڵکێشا و تۆمارمان کرد، ئێستاش خەڵک دەیڵێنەوە، گۆرانییەکی زۆر خۆش بوو.

**ڕامان:** هەر گۆرانییەک ڕەسەنایەتی تێدا بێ، تەمەنی درێژ دەبێ و دەبێتە وێردی سەر زمانی گوێگران.

**سەلاح محەمەد:** ئەو شیعرەمان تێهەڵکێش کرد «ئەوە هات دیسان هات، باڵابەرزەکەی خۆمان هات».

**ڕامان:** سەرنجم داوە تیپی مۆسیقای باواجی، شیعری شاعیرانی کۆیە نەبێ، زۆر کەم بەلای

شیعری شاعیرانی دیکەدا چووە، شیعرەکانی: خالید دلێر، ئەختەر، کەریم شارەزا، دڵزار، عەونی، جەلال جۆبار، عاسی، سامی عەودال، بەشی زۆری هونەرمەندەکان ڕوویان کردووەتە شاعیرانی کۆیە، زۆربەی بەستە و مەقام و گۆرانییەکانیان بە شیعری ئەوانە خوێندووە.. بێجگە لەو ناوانەی ناومان هێنان، تیپی مۆسیقای باواجی (م. ئازاد بیلال بەهائەددین)یشی لێ بوو، ئایا بەهۆی خۆیەوە، یان بەهۆی باوکییەوە هاتە ئەوێ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، (م. ئازاد بیلال)یشی لێ بوو، سەرەتا لە کۆرس بوو، من و ئەو یەک تەمەنین، ئەو لە کۆرس بوو و دەیگوتەوە، باوکیشی هانی دەدا و پشتیوانی لێ دەکرد، بەڵام دوایی حەزی چووە مۆسیقا و کەمانێکی چاک فێر بوو، نازانم بۆچی وازی هێنا، پێشم گوت بۆچی واز دێنی.

**ڕامان:** یەکێک لە کارە جوانەکان کە دەردی کوردی دەستنیشان کردووە، شیعرەکەی جەلال جۆبارە، کە بە کۆرس گوتراوە و تیپی باواجی تۆماری کردووە.

**سەلاح محەمەد:** «میللەتانی ڕووی زەمین ڕوویان بەرەو ڕووناکییە، میللەتی ئێمەش لە تاریکی و کەساسی تاکییە»، ئەوە شتێکی زۆر خۆش بوو.

**ڕامان:** کارێکی زۆر پێویست و جوان بوو، ئەو گۆرانییە بۆ ئەوسا و بۆ ئێستاش پێویستە، بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری باش بوو.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بەڵام ئەو گۆرانییەش ئاوازەکەی فۆلکلۆرە.

**ڕامان:** بەڵام شیعرەکە کە پەیامێکی کۆمەڵایەتی بەهاداری هەیە هی جەلال جۆبارە.. وابزانم سیامەند ناوێکیشتان هەبوو کە لە تیپی باواجی کەمانچەی دەژەنی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، سیامەند عیزەت، ئەو کەمانچەی لێ دەدا.

**ڕامان:** ئەی ئەوەی ئۆکۆردیۆنی لێ دەدا ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە کوڕی شەفیق ئاغا، برای جەوادی شەفیق ئاغا بوو، ناوی (چاپووک)ە، چاپووکی شەفیق ئاغا، ئەویش حەزی لە مۆسیقا بوو، بەباشی ئۆکۆردیۆنی لێ دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی دواتر تیپی باواجی هەڵوەشایەوە، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە دوور کەوتنەوە، بە دوورکەوتنەوەیان لە تیپەکە، لە مۆسیقاش دوور کەوتنەوە، پاشان چاپووک شەفیق ئاغا نمرەیەکی باشی هێنا، ئێستا ئەندازیارە، ئیتر بە یەکجاری وازی لە مۆسیقا هێنا.

**ڕامان:** بەداخەوە لەو وڵاتەی ئێمە گرنگی بە هونەر و مۆسیقا نادرێ، ئەگەر هونەرمەندەکە ئیشێکی تری نەبێ، بە مۆسیقا ژیانی بەڕێوە ناچێ.. هەر ئەو کاتانە کە هەمووان چاومان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بوو، گوێمان لە گۆرانییەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی باواجی و تیپی مەولەوی و کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دەگرت، ئەو تیپانە هەندێک جار منداڵ و مێردمنداڵیان دەهێنا و گۆرانییان پێ دەگوتن، وەکوو تۆفیق عەلی و قاسم فەرەجوڵڵا و کەسانی دی، سەیرەکە لەوەدا بوو ئەوانە منداڵ بوون، کەچی گۆرانییەکانیان باسی دڵداری بوو، ئەمە یەکێک لە کەموکووڕی و عەیبەکانی گۆرانی ئەو سەردەمە بوو، دەبووایە ئەوانە بەرهەمی منداڵان بڵێن، لەگەڵ جیهان و تەمەنی خۆیان بگونجێ، تیپەکەی ئێوەش هەر لەو سەرەتایەوە منداڵیان هێناوە و لەوێ بەهرەدارەکانیان تاقی کردووەتەوە.

**سەلاح محەمەد:** قاسم فەرەجوڵڵا دەنگێکی بێ وێنە و شازی هەبوو، لە سی گۆرانی دەگوت،

ئـەو گۆرانییـەی «یارەکـەم دەڵێـی بووکـە» لـە چینەدەنگێـک دەیڵـێ، هەمـوو کەسـێک پێـی ناگوترێ، مەگـەر خاوەنـی دەنگێکی زۆر تایبەتـی بێ.

**ڕامـان:** پێـم سـەیرە ئەوانـە بۆچـی بـەردەوام نەبـوون و ناویـان نەمـا؟

**سەلاح محەمـەد:** ئەوانـە زوو کوژانـەوە و وازیـان هێنـا، ئەگـەر لـەو وڵاتـەی ئێمـە هونـەر بژێـوی خەڵکی دابین بکردایە، هونەرمەندی زۆر گەورەمان لێ پەیدا دەبوو، بەڵام هونەرمەندان ناچارن ئیش بکەن، ئێستا هەمانە مامۆستان، هەر کە بوونە مامۆستا، هەموویان وازیان لە هونەر هێنا، ئێمە کە لە دنیای هونەردا ماینەوە، هۆیەکەی ئەوەیە بە زۆرەملێ خۆمان سەپاند و پێگەیاند و گوێمان بە توانج و قسەی خەڵکی و ڕێگرییەکان نەدەدا، ئەوە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینین، ئێستاش زۆر قسە و ڕەخنەی نابەجێ لەسەر هونەرمەند و گۆرانیبێژان دەکرێن.

**ڕامان:** بێینەوە سەر مەسەلەی هێنانی منداڵەکان، ئەوکاتە کە تیپی باواجی ئەوانەی هێنایە پێش و بە خەڵکی کوردستانی ناساندن، پێتوانییە ئەمە سەرەتاییەک بێ بۆ تۆ کە دوایی دێیتەوە سەر ئیشکردن بۆ منداڵان، لەوانەیە ئەو کاریگەرییەی بەسەرتەوە بەجێهێشتبێت؟

**سەلاح محەمـەد:** ئێمە بڵێین و نەڵێین دەنگی منداڵ لەگەڵ گەورە جیاوازە، منداڵ دەنگێکی ناسک و خۆش و جیاوازی هەیە، دوایی کە منداڵت هێنایە ناو هونەر، هانی دەدەی بۆ ئەوەی لەسەر هونەرەکەی بەردەوام بێ، ئەگەر دەنگێکی خۆشی هەبێ و حەزی لێ بێت لە دواڕۆژ دەبێتە هونەرمەندێکی چاک، منداڵ ڕاستگۆیانە حەزی لە هونەرەکەیە، دەنگەکەی خۆش بێ و پشتیوانی لێ بکرێ و بچێتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، یان کۆلێژی هونەرە جوانەکان، ئەوە لە دواڕۆژ هونەرمەندێکی لێهاتووی لێ دەردەچێت.

**ڕامـان:** لەو منداڵانەی پێگەیشتن و دواتر بوونە هونەرمەند و دەرکەوتن کێت لەبیرە؟

**سەلاح محەمـەد:** ئاراس کۆیی، هەر لە منداڵییەوە کە گچکە بوو ئیقاعی لێ دەدا، ئێمە هانمان دا و هێنامانە پێشەوە، ئێستا ژەنیارێکی زۆر چاکە، من لە پێش ڕاپەڕین کە خانەنشین بووم، لە پیرمام چێشتخانەیەکی گەشتوگوزاریمان گرتبوو، ئاراس کۆیی لە سەربازی ڕای کردبوو، ئێمە ئاهەنگمان دەگێڕا، هەموو جارێ دەیگوت ناوێرم بێمە مەسیف، نەوەک لەو ڕێیە سەیتەرە بمگرێ. دەمگوت تۆ بە یەکجاری وەرە ئێرە، کە هاتی بۆ دەچیتەوە، کێتان لە ماڵەوە هەیە، فەقیرە دایک و باوکی نەمابوون، کە لە پیرمام بووم سێ چوار مانگ پێم گوت، تۆ بۆچی دەچیتەوە، وەرە بۆخۆت لێرە بە، نە کەس پێت دەڵێ هەوییەکەت بێنە، نە دەڵێ ئەوە بۆ کوێ دەچی، وەرە لێرە بۆخۆت بژی و ژوورێکی تایبەتت بۆ دابین دەکەین.

**ڕامان:** چێشتخانەکە هی کێ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** چێشتخانەکە هی من و سەعدوونی فیتەر بوو کە ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی.

**ڕامان:** ئەوە ساڵانی هەشتاکان بوو؟

**سەلاح محەمـەد:** لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩١، ساڵێک وا بوو، ئیدی ڕاپەڕینی بەسەردا هات، لەو ساڵەی ئێمە ئەو چێشتخانەیەمان هەبوو گوتم وەرە مەچۆرەوە، ئامێرێکی دەنگیشمان هەبوو، گوتم ئەو ئامێرە لێرەیە، تۆ لێی دەزانی، ڕۆژانە بە ئامێرەکە بۆخۆت پرۆڤە دەکەی، ماوەیەک لەلامان مایەوە، شاگردەکانم بانگ کرد و پێم گوتن ئەوە چی بوێ دەیدەنێ و بۆی دەکەن، سێ ژەمە خواردنی دەدەنێ، ئەوانیش خزمەتیان

دەکرد، خواردنی، نووستنی لەسەر ئێمە بوو، کە ئاهەنگیش دەبوو، لەبەر ئەوەی هۆڵێکی خۆشمان هەبوو، خەڵکی دەهاتن بەکرێیان دەگرت، تیپی مۆسیقا و هۆڵ و هەموو شتێک بە بەر نەدەکەوت، پارەی باشیان بە دەست دەکەوت، بۆخۆیان لەوێ پارەیان پەیدا دەکرد.

**ڕامان:** تۆش لەو ئاهەنگانەدا بووی، خۆشت بەشداریت تێیاندا دەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** من بەشداریم دەکرد، ئەوە ئەوان ماون، بەڵام یەک فلسم وەرنەدەگرت، هەموویم دەدایە خۆیان، دەمگوت هەمووی بۆ ئێوە بێ، قەت پارەم وەرنەدەگرت.

**ڕامان:** تۆ لە هەولێر لە ئەگلەنجەکان بەشدار دەبووی؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر کەم بەشدار دەبووم، ئەگەر برادەرێک دەعوەتی بکردبام، ئەویش بە خۆڕایی نەک بڵێی بە پارە چووبام، دەنا نەدەچووم.

**ڕامان:** جاران نەریتێکی سەیر لە هەولێر هەبوو، ئەگەر یەکێک ژنی بهێنابا، دەچوون مەولوودیان دەکرد، کە مەولوود تەواو دەبوو، یەکسەر ئەگلەنجە دەستی پێ دەکرد، خواردنەوە و گۆرانیگوتن و ئاهەنگ دوای مەولوودخوێندن بوو.

**سەلاح محەمەد:** جارێک لە جێگەیەک بووم، لە یادم نەماوە کوێ بوو، مەولوودەکەیان دەست پێکردبوو، گوتیان ئەو مەولوودە دوورودرێژە چییە، ئەوە بۆچی مامۆستا نایبڕێتەوە، خەڵکەکە بێزار بووبوو، زوو تەواویان کرد، هێشتا ئەوان نەڕۆیشتبوون لە باخچەی ماڵەکە مێز و کورسییان دانا.

**ڕامان:** لە هەولێر ناسیار و خزم و برادەر کە ژنیان دەهێنا، ئێمەشیان بانگ دەکرد و دەچووینە ئەو مەولوودانە، دوای ئەوەی ئەوان کەرەستەی خۆیان دەپێچایەوە، دەف و شتەکانی خۆیان دەبرد و دەڕۆیشتن، بە پەلە پەل دادەمەزران و یەکسەر تیپی مۆسیقا و گۆرانیبێژ دەستیان پێ دەکرد، عارەب عوسمان و حەمەجەزای گۆرانیبێژم لەو جێیانە دیوە و ناسیوە، یەکەم جار کە لە نزیکەوە گوێم لە دەنگیان بووە، لەو جێیانە بووە، قادر زیرەک و ئەوانی دیش بوون.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، قادر زیرەک، نیزام شکور، جەلال سەعید بوون، هەموویان بۆ ئەو شوێنانە دەچوون.

**ڕامان:** من لەو شوێنانە ڕێکەوتی ئەو هونەرمەندانەم کردووە.. ئێستا با بێینە سەر بابەتێکی زۆر گرنگ، ئێمە باسی (تیپی مۆسیقای باواجی)مان کرد، باسی پێوەندییەکانی تۆمان لەگەڵ هونەرمەندان و موزیکژەنەکان کرد، لایەنێکی زۆر گرنگ کە کاتی خۆی لە گۆڤاری ڕامان زۆر بایەخم پێ دا و کردمە تەوەرێک، زۆربەی ژەنیار و هونەرمەندەکان قسەیان لەبارەوە کرد، خۆم داوام لێ دەکردن قسەی لەسەر بکەن، ئەوکاتە م. وریا ئەحمەد لە دەرەوەی وڵات بوو، کە هاتەوە ئەویشم هان دا بە زنجیرە وتارێک لە بارەی ئەو تەوەرەیە قسەی خۆی بکا، دوایی کردی بە کتێبیش.. تایبەتمەندییەک هەیە کە بووەتە مۆرکی گۆرانی و مۆسیقای ناوچەی کۆیە، لە هەر کوێ بی گوێت لەو نەغمەیە بێ، یەکسەر دەزانی کە ئەوە هی ئەو ناوچەیەیە، شیعرەکانیش هەر تایبەتن، دەڵێی ئەو شاعیرانە بەتایبەتی شاعیری ئەو گۆرانی و نەغمە و ئاوازانەن، ئاوازەکان زۆر تایبەتمەندن، تۆ بۆچوونت، بیروڕا و قسەت لەسەر ئەو بابەتە چییە؟

**سەلاح محەمەد:** هونەرەکەی وراتی کۆیە، هونەرێکی تایبەت بووە بە ناوچەی کۆیە،

یـان وەک جەنابـت دەڵێـی لـە شـیعر، لـە ئـاواز کـە گوێـت لـێ دەبـێ، دەزانـی جیـاوازی لەگـەڵ شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان هەیـە، مەقامـەکان، ئـەو مەقامانـەی لـە کۆیـە گوتـراون لە هیچ شـارێک نەگوتـراون، تەنانــەت گوتنــی بـواری ئایینیشــی جیـاواز بـووە، مـن زۆر جـار چوومەتـە مەولـوودی مـەلا ئەحمـەدە کـۆر و حەمەدەمیـن عەبـاس و باقی حــەلاق و ئەوانــە، هەندێـک مەقاماتیــان دەگـوت ئاییـنی بـوون، بـەڵام لەگـەڵ هـی جێیەکانـی دیکـە جیاوازییــان هەبـوو.

**ڕامـان:** ئـەو تەنزیلـە و مەقامانـە بـە شـیعری کـوردی دەخوێنــران؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵــێ، بـە شـیعری کـوردی بــوون، مــن مەقامــی سـەبام لـە مـەلا ئەحمـەد گـوێ لـێ بـوو، دوایـی خـۆم شـیعرێکی دڵداریـم بـۆ دانـا.

**ڕامـان:** ئـەو مەقامـی سـەبایە، سـەبایەکی کوردی بوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** سـەبایەکی کـوردی بـوو، بـۆ نموونـە ئـەو دەیگـوت «مەتڵەعـی سوبح و سـەعادەت مەزهـەری عیلمولیەقین، ئـەی سوپەهسالاری فەوجـی ئەنبیـا و مورسـەلین».

**ڕامـان:** ئـەوەی تـۆ باسـی دەکـەی شیعرە، مەقـام نییـە.. ئـەوە جارێـک لەگـەڵ چەند برادەرێـک لەوانە: فیکـرەت عیـزەت و بورهـان ئیبراهیـم یەعقـووب و زامـدار و م. وریـا ئەحمـەد چووینـە دەڤـەری شـێخان و ئـەو شـوێنانە، شـەو لـە لالـش میوانـی ئێزدییـەکان بووین، لـەوێ دۆسـت و برادەرمـان هەبـوو، پیـر خـدری سـلێمان و خەیـری و ئەوانەمـان دەناسـی، شـەوێ یەکێـک لـە خانووەکانیـان بـۆ چـۆڵ کردیـن، قەوالیــان هێنــا، کــە ئەوانــە نایەیــان دەژەنــی و دەفیـان لـێ دەدا، هەندێکیـان قەولیشـیان دەگـوت، لـەو دانیشـتنەی ئـەوێ م. وریـا ئەحمـەد گوتـی مـن لەمێـژە بـەدوای سـەبای کوردیـدا دەگەڕێـم، نەمدەدیتـەوە، بـەڵام ئـەوە لێـرە دیتمـەوە، کـە یەکێـک لـە قەوالـەکان خوێنـدی، لـە ڕانـی خـۆی دا، گوتـی ئـەوە خۆیەتـی. گوتمـان چـی خۆیەتـی؟ وەکـوو دۆزینەوەکـەی ئیسـحاق نیوتـن، گوتـی ئەوەتـا خۆیەتـی و دۆزیمـەوە، مـن تۆمـاری دەکـەم، سـەبای کـوردی ئەوەیـە. مەبەسـتم ئەوەیـە بڵێـم ئـەو سـەبایەی لـەوێ گوتـراوە ئـەوە کـوردی نەبـووە، دەنـا م. وریـا ئەحمـەد زوو پێـی دەزانـی، بـەڵام ئـەو لـە لالـش دۆزییـەوە.

**سـەلاح محەمـەد:** ئـەو سـەبایە جیـاوازی لەگـەڵ سـەبای عەرەبـی هەیـە، سـەبای عەرەبـی و سـەبای کۆیـە لێـک دوورن، بایـی ئـەوە نییـە بڵێـی بەڵـێ ئـەوە ڕێـک سـەبای کوردییـە.

**ڕامـان:** ئــەوەی کــە مــن لــە بیرمــە م. وریــا ئەحمـەد گوتـی عـەرەب سـەبای خـۆی هەیـە، تورک سـەبای خـۆی هەیـە، فـارس سـەبای خـۆی هەیـە، گوتـی مومکیـن نییـە کـورد سـەبای تایبەتـی خـۆی نەبـێ، بۆیـە گوتـی مـن زۆر لەمێـژە بـە دوای ئـەو مەقامـەدا دەگـەڕام بـە دەسـتم نەدەکـەوت، بـەڵام ئـەوە دۆزیمـەوە و خـۆی بـوو، گوتـی ئـەوەی ئـەو کـوڕە گوتــی هــەوە، بۆیــە لەســەری ڕاوەســتا و قسـەی لەسـەر کرد، منیـش لـەوێ ئامادە بـووم و گوێـم لـە (سـەبا)یەکە و قسـەکانی ئـەو بـوو.

**سـەلاح محەمـەد:** مەقامـی ڕەسـت، هەمـوو جـارێ لـە مەولـوودان، حەمەدەمیـن عەبـاس دەیگـوت، مـن یەکـەم کەسـم ئـەو مەقامـەم گۆڕیـوە، چونکـە ئـەو شـتانە هـەر بـە شـیعری ئایینـی دەگوتـران، بـۆ نموونـە دەیانگـوت «یـا ڕەسـووڵەڵڵا دەخیـل مـەولای مـن»، مـن (مـەولای من)م کـردە (گـەورەی مـن) و گۆڕیـم، گوتـم بـا وشـەی عەرەبـی لەنـاوی دەربێنـم، ئـەو جـۆرە مەقامامـە تایبەتن بـە کۆیـە کـە لـە مەولـوودەکان گوتـراون، هەمـووی کوردیـن، هەمیشـە وتوومـە بـا لـە قاڵبـە ئایینییەکـەی

دەری بێنین.

**ڕامان:** من پێم خۆشە لەسەر ئەو بابەتە زۆرتر قسە بکەی، دیارە تۆ لەگەڵ مەلا ئەحمەد و حاجی باقی حەلاق و ئەوانە زۆر دانیشتووی، لە مەولوودخوێندنەکان بەشداربوونت هەیە، بۆیە دەمەوێ زیاتر باسی ئەو بابەتە بکەی، لە کۆیە چەند بایەخی پێ دراوە و چەند بەرەو کوردیبوون براوە و خۆت دەورت تێدا چ بووە؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم حەمەدئەمین عەباس چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە، یان نا؟ جارێک بە مەلا کۆرەم گوت مامۆستا تۆ لە کێ ئەوانە فێر بووی؟ گوتی من لە مەلا عەبدولڕەحمان بانگدەر فێریان بووم، ئەوجا ئەو لە کێ فێر بووە؟ دیارە ئەو هونەرە دەماودەم بۆ یەکتری ماوەتەوە.

**ڕامان:** مەلا عەبدولڕەحمان بە چ بەناوبانگ بوو؟ هەر پێیان دەگوت مەلا عەبدولڕەحمانی بانگدەر؟

**سەلاح محەمەد:** مەلا عەبدولڕەحمان موئەزینی مزگەوتی گەورەی کۆیە بووە.

**ڕامان:** ناوی باوکی نازانی؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم ناوی باوکی چییە، بەڵام من دیبووم، جارێک بە ڕێکەوت چوومە ئەوێ، لەوێ کە دەیگوت بەعدەزان (بعد الآذان؟)، مەولوود خوێندنەوەکەی لەگەڵ هەموو مەولوودخوێندنەوەکانی کوردستان جیاواز بوو، بە دەنگیکی شاز دەیخوێندەوە.

**ڕامان:** شیعری باشی هێناوە و خوێندوویەتی.

**سەلاح محەمەد:** مەولوودنامەکە هی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بوو، باوکی مەلای گەورە کە بە کوردی نووسیبووی، «بەعدەزان هەر کە ئەمەی بیست شەیتان، هات بچێتە ناو بەهەشت، قبووڵی نەکرد ڕیزوان، گوتی بەهەشت حەرامە لە تۆ و لە مەجمووعی کافران»، ئەوە مەقامێکە، ئەو بە مەولوود و بە مەقام دەیخوێندەوە، زۆر تایبەت بوو، لە هەموو کوردستان بگەڕێی بەو جۆرە نەگوتراوە.

**ڕامان:** ئەو بە خۆی دەیگوت من لە مەلا عەبدولڕەحمان موئەزین فێری ئەوە بووم؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەوجا مەلا کۆرە پیر بووبوو، وەکوو ئەو پێی نەدەگوترایەوە، بەڵام جارێک کە چووم مەلا عەبدولڕەحمان ئەوەی دەگوتەوە، «ئەوجا لەگەر ماری کردییە عەهد و پەیمان، خۆی لەناو زاری ماری کرد پەنهان، بردییە ناو بەهەشتێ ئاگای لێ نەبوو ڕیزوان، لەوێ خۆی هێنایە سەر شکڵی ساڵحان، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئادەم و حەوای جەوان، لەناو بەهەشتێ دەگەڕان، دەیانکرد گەشت و سەیران».

**ڕامان:** دڵنیابووی ئەوە شیعری مەولوودنامەکەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بەڵام شێوازی گوتنەکەی دەڵێی مەقامە، لە هیچ جێیەکیش نییە.

**ڕامان:** تۆش بە ئەنقەست دەچوویە ئەو مەولوودخوێندنەوانەی کە ئەو مەولوودی تێدا خوێندووە، بۆ ئەوەی لێیەوە فێر بی؟

**سەلاح محەمەد:** من ئەوانەم گوێ لێ بووە، پێشتر بە دەنگ بۆم گوتی، دوایی لە مەلا ئەحمەدە کۆر فێریان بووم.

**ڕامان:** هەمووت لەو وەرگرتووە، ئەی بۆخۆت چیت خستووەتە سەریان؟

**سەلاح محەمەد:** من مەولوودم نەخوێندووەتەوە، بۆخۆم نەچووم، بەڵام مەولوودەکان ئاوازی سەیر سەیریان هەبوو، ئایینی بوون، هەمووی ئاوازی کوردی بوون، بۆ نموونە مەلا ئەحمەد دەیگوت: «ئەزکا (أذکی؟) سەڵاتی سومە ئەلتەحییە» و دەفەکەیان لەگەڵ لێ دەدا.

**ڕامان:** ئەی خۆی دەفی لەگەڵ لێ دەدا؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بۆخۆشی لێی دەدا، بەڵام بەڕاستی ئەوانە گوتنەکەیان شاز و بێ وێنە بوو.